# بنەما فەلسەفییەکانی عیرفانیەت لە شیعری مەولەویدا

**ئاڵا دارا عەبدولمەجید [١]، هاوژین سلێوە عیسا [٢]**

[١،٢] بەشی زمانی کوردی، فەکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

"عیرفان" کە پڕتەوێکی ئیلاهی و بەرنامەسازییەکی خێرمەندییە، عارفیش وەکو کارایەکی پاکبووەوە، کە لەو پانتاییەدا ژیان دەگوزەرێنێت. وەکو خودی خۆی تاکێکی خێرمەندە، لەکاتێکدا لە زۆر ئاڕاستەوە ماندویەتی و شەڕانگێزیەتی ڕوی لە مرۆڤانی سەردەم کردووە، عیرفانیش کە لە هەموو مەنزیلە و دەرگاکانیەوە لە هەموو هەوڵێکی گەیشتنە بە خودا، خوداش سەرچاوەی جەمالیەت و جەلالیەتە، کەواتە دەبێت بە دیدێکی بیریارییانە لەو بابەتە بڕوانین و لەپاڵ دۆزینەوەی بنەما فەلسەفییەکانی عیرفانیەت دەرگای بەرنامەی خێرمەندیانەی عارفیش واڵابکەین. مێژوی بنەڕەتی نەك لەکۆمەڵ و سەردەمەکانەوە بەڵکو بوونی لەگەڵ بوونی" ئادەم" "س.خ."باوکی مرۆڤایەتییەوە، کە عارف بووە بە مەعریفە پێدراوەکانی سەبارەت بە گوزەرانی زەوی وەکو مەنزیلی نوێی ژیانکردنی تەنهایی و دواتر هەمیشەیی توانیویەتی لە ڕێگەی دەستگرتنی بە بەستەرە ڕۆحانییەکەیەوە، کە لەگەڵ سەرچاوەی یەکەمین بووە، کە خودایە بگوزەرێنێت. نەتەوەی کوردیش، کە مۆرکی نەتەوەیەکی دێرینە لە یەکتاپەرستیدا. بە خاوەن ئەدەبیاتێکی ڕەسەنی عیرفانی لە کۆن و ئێستادا ناسراوە. کە نمونەی عیرفانییەتی خێرمەندییە. مەولەوی شاعیریش لە وەهبیەتی خودایی و کەسبیەتی هەوڵەکانی خۆیەوە توانیویەتی باڵاترین مەبەستی فەلسەفی عیرفانی بخاتە هۆنراوەکانی، کە هەمان ئەو بیرانەن، کە لە سەرچاوەی بەهاداری دایکانەی ئەو زانستە لە هەموو جیهاندا هەیە. لەلایەك توانیویەتی سەرجەم مەنزڵە عیرفانییەکان، کە سەد دانەن بخاتە ڕو. لەلایەکی تر سەرکەوتووانە بە زمانێکی ڕەوان و سەردەمییانەی خۆی بیخاتە قەسیدەی کارما بەخش، کە ئیستاتیکایەکی پۆزەتیفیان لێوەبخوێنرێتەوە. بۆیە کارکردن لەسەر ئەم بوارە پانتایی لێکۆڵینەوەی فراوان و بەهاداری دەوێت، کە لە گۆشەیەکی ئێرەدا مشتێك لە نمونەی ئەو مرواریە مەکنونانەی بیریاریەتی عاریفانەی شاعیردەردەخەین.

**وشە سەرەکییەکان:** ئەدەب، فەلسەفەی ڕۆحانی، عیرفان، شیعر، مەولەوی.

## ١. پێشەکی [1]

ئەدەب ئاوێنەیەکە زۆربەی دیمەنە ڕۆحانییەعیرفانییەکان خۆیانی لەناو دەبیننەوە، وەکو جۆرێکی تایبەت لە شیعر لە ئاستی مێژویی و جیهانیدا هەمیشە بوونی سەلماوەو جوانترین ئیستاتیکای لێوە خوێنراوەتەوە، کە ئیلاهیانە و پاڵنەری پاکبوونەوە و گوێزانەوەی خۆشەویستی مرۆڤ بووە بۆ خوداکەی و خودا بۆ مرۆڤ. "مەولەوی" شاعیریش، کە کانگەی عیرفانە: لە نمونە شیعرییەکانیدا پڕتەوی جوانییەکی ڕۆحانی و پڕشنگی نورینی باوەڕێکی پاك و پتەو وعارفێکی مەعریفی و بەرگەگری بارگەی پۆزەتیفی ڕۆحانییەت و خەیاڵ بڵاوییە، بینایە بەڵام خاوەن بیناییەکی دڵ و چاو و عەقڵی بەیەکەوە لێدەخوێنرێتەوە، کە هزری بیرمەندێکی عارفانەیە. کە هەرئەوەنییە لە مل شیعریەتی بخرێت و لە ڕێگەی وشەیەکەوە بەڵگەی عارفایەتی دەربخرێت، بەڵکو لە گەنجینەی ئەزەلی خوداوە ملوانکەی نورینی سەد دانەیی تێپەڕبوون/ "سەیر"ی بە مەنزیلەکان و گۆڕین و چەسپانی "سلوك"ی لەسەر پەیڕەوەکان لە گەردنی بەرهەمەکانی و پڕتەویان وبانگێشت و سەلمێنەری بە عارف بوون و گەیشتنە دوا مەنزیلەکانی هەر عارفێکە کە پێی گەیشتبێت.

هۆی هەڵبژاردنی ئەو بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە عیرفان هەرچەندە کاری لەسەر کراوە، بەڵام دەمانەوێت بەشێوەیەکی زانستی ئەکادیمی بیخەینەبەردەست، کە سەرجەم مەنزیلەکان و ڕێگاکان زانستانە دەربخات، لەهەمان کاتدا پەیوەندی بە فەلسەفەوە دەربخرێت، کە لە زەینی عاریف و ئەدەبیاتەکەیدا هەیە، کە ئەدەبی عیرفانییە، لەناو ئەدەبیاتی کوردی و لێکۆڵینەوەکان لەشیعری مەولەویدا کراوە، لێرەدا شێوازێکی ترە، تا پەنجەمۆری تایبەتی عارفییەتی مەولەوی بدۆزرێتەوە. توێژینەکە لە دوبەشی سەرەکی پێکدێت: بەشی یەکەم: تیۆرییە و لە دو تەوەرە پێکدێت، کە پێناسە و چەمکی عیرفان و جۆرەکانییەتی و تەوەرەی دووەم: بنەما فەلسەفییەکانی عیرفان لە خۆی دەگرێت بەشی دووەمیش پڕاکتیککردنی نمونەی شیعری عیرفانی مەولەوییەو چەند نمونەیەکی شیعری پڕاکتیککردنێکی بیریارانەو قوڵیان بۆکراوە. میتۆدی توێژینەوەکە: بە پێی ڕێبازی وەسفی شیکاری ئەنجام دراوە. ئامانجیش: خستنە ڕوی ئەکادیمیانەی عیرفانە و چۆن کەسێکی ئاسایی عارفانە گۆش ببێت بە گرتنەبەری "مەنزڵەکان" و دەرخستنی ڕۆحی عیرفانی لەشیعردا، دیسانەوە زانینی چۆنییەتی هەستکردن بە پاکبوونەوە و دۆزینەوەی هەناسەی جوانی سەرمەدی تیایدا، کە خۆی دو جۆری خێرمەندی و شەڕانگێزی هەیە و بۆ ئەوەی پێڕابگەین لەناو کورد و ئەدەبیاتەکەیدا ڕوی خێرمەندی بەڕێگای

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٩، ژمارە ١ (٢٠٢٦)
ڕێککەوتی وەرگرتن؛ ٢ کانونی یەکەم ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن؛ ٦ کانونی دووەم ٢٠٢٥
توێژینەوەی ڕێکخراو؛ لە ٥ ئادار ٢٠٢٦ بڵاوکراوەتەوە.

ئیمەیڵی توێژەر: ala.dara@koyauniversity.org

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٦. **ئاڵا دارا عەبدولمجید و هاوژین سلێوە عیسا** ، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 40.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp225-242

هەڵە نەپۆشرێت و لەسەر حەقیقەتی خۆی بمێنێتەوە و ببینرێت، "بەمەش خزمەتێك بە كورد و ئەدەبیات و مەولەوی لەلایەك و سەرجەم مرۆڤایەتی لە ناساندنەوەی ڕاست و دروستی ئەو بابەتە ڕۆحانییە شاراوانەی کە بە لاڕێدابراون و بەهەڵە تێگەیاندیان بۆ کراوە.

### ١.١. پێناسە و چەمکی عیرفان:

لە بیستنی وشەکەوە هەست بە بابەتێکی باڵا و دوردەستە و ناوازە دەکرێت، ناساندنی "لەڕوی زمان و زاراوەوە" بەجیا دەردەخەین:

ا/ (عیرفان لە زماندا: بە "زانست" دەوترێ، هەر وەک سەرئامەدانی زمان ئاماژەیان بۆ کردووە، عیرفان لە بابەتی "عرف"ەوە وەرگیراوە و ئەو و مەعریفە یەک واتایان هەیە و واتای زانست دەگەیەنێت.) (ناصر،٢٠١٨: ٣١) بەهەمان شێوە ("فیروزابادی "لە "قاموس المحیط"دا دەڵێت: "ئەوەی بە زانستی زانیوە عارفە")، هەروەها ("ابن منظور"پێیوایە "عیرفان واتە زانست".) (ناصر،٢٠١٨: ٣١) لە زمانی کوردیدا: وشەی عیرفان و عارفیش بە هەمان شێوە و دەربڕین و مەبەست و ئایدیا وەکو زمانی عەرەبی بەکاردێت، knowledge; recognition; Irfan (عیرفان ناوە، لە چاوگی "عرف"ی عەرەبییەوە هاتووە.) (المعانی، العرفان). شەفیعی کدکنی" دەڵێت: (عیرفان ڕوانینێکی جوانیناسانە و هونەرییە بەرانبەر بە ئایین و زانستی ئیلاهیات.) (حەبیبی، ٢٠٢٤: ٧٨)، بەو واتەیەی پەرستن لەڕێگەی بینینی جوانییە ڕەسەن و ئیلاهییەکان و عاشقبوونی ئەو خودایەی سەرچاوەی مەعریفەت و جوانییەکانە و سەبارەت بە ڕێگەگرتنەبەریش بەرەو خوا (عیرفان سەیروسلوک"* سیر: ڕۆیشتنەکەیە و سلوکیش* ئەو ڕەفتارە ڕۆحانیيانەیە و بینراوانەن کە بە عارفەوە دیاردەبێت و ڕەوشدار دەبێت پێیانەوە."گەشتێکی ڕوحییە، کە سەرچاوەکەی بۆ هێزی هزر دەگەڕێتەوە.) (حەبیبی، ٢٠٢٤: ٧٨). عیشق سەرچاوەکەی بینین دادەنرێت و سۆفیگەریش دڵ و هەمیشە عیرفانیش عەقڵ، بۆیە عارف دەبێت بە کارمایەکی بەهێز هێزداربێت، تاوەکو بتوانێ بەرەو ڕێگای دەرگا و مەنزیلەکانی پاکبوونەوە و نزیکبوونەوە لە خودا بچێت.

ب/ وەکو زاراوە:

عیرفان: (بزوتنەوەیەکی هزری سلوکی واتاییە لەسەر مەعریفە وەستاوە، دیدێکی هزری زانستی ئایینی قووڵە، هەوڵ دەدات بۆ مەعریفەیەکی ڕاستەوخۆ و وردەکاریی سەبارەت بە خودای گەورە، بە ڕاستییەکان و نهێنییەکانی جیهانبوونی گەردونی و مرۆیی پێکەوە، بەپێی ڕێباز و بنیادێکی مەعریفی وبنچینەکەی دەرکەوتنی ڕوناکیی ناوەکی و "کەشف و شهود"ی دڵە.) (ناصر،٢٠١٨: ٣٣) خاڵی گرینگ لێرەدا ڕەچاوکردنی جۆری ئەو ڕێبازە و هەڵبژاردنیەتی، دەبێت وریا بێت چ ڕێبازێک هەڵدەبژێرێت و چۆن لەگەڵیدا خۆی دەگونجێنێت؟ چونکە ئەو بنیادە بنیادێکی هەستی و ڕۆحییە و دەبێت لە زووەوە بەرنامەڕێژی بۆ کرابێت و کاتی دەوێت. هەرچەندە بوونی ئەو بنیادە لەوانەیە هەر زو لە تەمەنێکی گەنجیشدا بەخششێکی یەزدانی بێت بۆ ئەو مرۆڤە، کە لە هاوشێوە و تەمەنی خۆی زوتر لەو ڕووەوە پێدەگات و مەعریفەی فراوان و بە دیدێکی تر دەڕوانێت، عیرفان، کە خۆی (واتا پێزانینی جوانی و ڕێزلێنان و دانان پێی و سوپاسگوزاریکردنی دروستکەرەکەی. ڕێبازێکی فەلسەفیی سۆفیگەریی ناوەکییە، لەسەر هەبوونی زانیاری بە نهێنییە ڕاستەقینەییەکانی ئایین وەستاوە، لەو زاستە بەرزترە، کە بۆ گشت بڕواداران بەدەست هاتووە، گەیشتووەتە پلەی عیرفانیەت سەبارەت بە ناوەکییەتی کاروبارەکان.) (المعانی، العرفان) کەواتە عارف واتا زانا بە گشت بەخششەکان و تا ڕادەیەک زانا بە کلیلی نهێنییەکانی نزیکبوونەوە لە دروستکار و دانا بە و پلانەی کە دەگاتە ڕەهەندە ناوەکییەکان و بینا بە جوانییە شاراوەکانی سەرچاوەی یەکەمی بوون، کە هەموو کەسێکی ئاسایی درکی پێ ناکا، لەهەمان کاتدا عیرفان (بە جۆرێکی تایبەت لە بوونی مەعریفە بەخوا دەوترێ ناوەکانی، سیفەتەکانی و بوون و ئەو مەعریفەیە لە ئەنجامی بینینی دڵیەوە دەبێت "تشهود"، نەک بەهۆی عەقڵەوە، یان بەهۆی ئەزمونێکی هەستی، مەعریفەیەکی ڕاستەوخۆیە، کە هەست تێدەپەڕێنێت، دور لە عەقڵە و لە ڕێگەی ڕێگرەکان و کەشفی پەردە لە دڵ بەدی دێت، لە ڕێگەی "سەیروسلوک"* دو زاراوەی عیرفانین: سەیر: ڕۆیشتن، سلوک: سلوکی عارفانە." و سەرنجڕاکێشییەکی دڵی.) (ناصر،٢٠١٨: ٣٣) لێرەدا عەقڵیش ڕۆڵی خۆی دەبینێت چونکە:

١. هەر مرۆڤێک، کە بیەوێ خۆی بخزێنێتە ناو ئەو زانست و حاڵەتەکانیەوە "بە تایبەتی ئەگەر بیەوێت بە دروستی بکەوێتە بابەتەکەوە" دەبێت ئامادەباشیی عەقڵی هەبێت لە ڕێگەی عەقڵییەوە باوەڕ بەبوونی هێزێکی وەها بهێنێت درکی پێبکات، ئینجا دەتوانێت ڕێگە بە دڵی یان هەستەکانی بدات تاوەکو ئەو کارە بکەنە بەرنامە.

٢. هەر مرۆڤێک یان ئەو مرۆڤە دەبێت توانای جەستە و ئازایەتی و کارمایەکی پتەو و پۆزەتیڤی وەهای هەبێت، کە بتوانێت و بزانێت تا چەند ڕوبەڕوی ئەو بابەتە هزری و ڕۆحانیە دەبێتەوە و هەرچەندە قۆناغ بە قۆناغ بەرەو خوا دەچێت و بەرەو بوونی ڕۆحانییەت و کەرامات و خەون و بینینە دڵییەکان، وەکو دواتر ڕونیان دەکەینەوە، بەڵام پێش هەموو شتێ دەبێت شارەزاییەکی مەعریفیی تەواوی هەبێت، تاکو پێی یان ڕوی دڵی نەخزێتە یان وەرنەگێڕێتە بازنەی شەڕانگێزی/"دائرة السوء" بەمەش لەبری سود و باڵابوون و کامڵبوونی ئەو مرۆڤە،" گەورەترین زیان و خزاندی خۆی، ودواتریش مرۆڤایەتی بۆ پلەی شەڕی ڕوت و لە مرۆڤ دەرچوونی خۆی" لێدەکەوێتەوە، چونکە عارف هەمیشە کاریگەرییەکی پتەوی لەسەر دەوروبەر دەبێت.

٣.عارف دەبێتە کەسێک کارمایەکی تایبەتی دەبێت لە هەموو ڕەهەندێکەوە. بۆیە دەبێت بزانێت کارما چییە و جۆرەکانیشی جیا بکاتەوە و سەرچاوەی وەرگرتنی هێز و نورانیکردنی خەرمانەی ڕۆحانی خۆی، کە تاکپەرست بێت و خودای تاقانە بناسێت، کە ئەمانە هەموو پەیوەستن بە عەقڵی کاراوە چ لە هەڵبژاردنی ڕێگاکان بێت یان هەبوونی زانیاری بە سەرچاوەی یەکەمینەوە.

هەموو عارفێکیش هەمان شهودی نابێت هەمان کەرامات و مەودای پاکبوونەوە و گەیشتن بە مەنزیلەکان جۆراوجۆر دەبێت، دەکرێت لە پلەی ناسراو و باوی پێش خۆی ڕەت ببێت و وەکو داهێنانێکی چاکەکاری بێت لەو حاڵ و مەقامانەدا. "(چونکە کاری داهێنەرانە هەموو چالاکییەکی مرۆیی دەگرێتەوە، کە تیایدا بەهای ماددی و ڕۆحی نوێ دروست بکات و خۆی توانای مرۆڤی لە کردنی هەر کارێک، هەر وەک ئەفلاتون بە وەسواسی ئیلاهی ناوی دەبات، "برغسون" بە حەدەسی ناو دەبات، "مارکس" بەو کردارەی دادەنێت کە هەموو هێزە ڕۆحییەکانی مرۆڤ تیایدا بەشدار دەبنە خەیاڵیشەوە.) (روزنتال: ٣١٥)، ڕاستە کردارێک و بەرهەمێکی ماددی نییە، بەڵام بە دەستمایە و سەرمایەکی ڕۆحانی و عارفێک لە یەکی تر زیاتر کەراماتی دەبێت و لە مەنزیلەکانی "سیروسلوک"یشدا هەنگاوی لە پێشتر و قۆناغی باڵاتری دەبێت، کەواتە (عیرفان ئەوەیە کە خودا بناسین، بەڵام ناسینێک لە ڕەنگێکی دیاریکراودا، چونکە ئەو مەعریفەیەی خودا ڕەنگ و شێوە و ناواخنی تایبەتی هەیە، سیفەتی تایبەتی هەیە، ئەو سیفەتە تایبەتییەش، کە عیرفان بەردەست دەخات ئەوەیە کە ناوی دەنێن مەعریفەی شهودی.) (الجبار، ٢٠١١)، هەر عارفێکیش "شهود" یا لەکوردیدا تەشەهود: بینینێکی دیاریکراوی و تایبەت بەخۆی هەیە لەو بەخشش و تایبەتمەندییانەی لە ئەنجامی بەعارفبوونی پێی دەگات، دەمێنێت بڵێین: عیرفان بڕیاردانی چوونە ناو جیهانێکی ڕۆحانیی نوێیە، کە مرۆڤ بە جەستەی خۆی و بە شێوەیەکی ئاسایی لە زەمیندا ژیان

دەکات، بەڵام چەشنی بورکان و بەرپابوونی شۆڕشێکی شاراوەی عیشقی خوداییە و سەیری سەخت و پەنهانی دەست پێدەکات و بە دەرگاکاندا یەکەکە دەڕوات و لە جیهانی فراوانی دەرونی پاککراوەی خۆیدا تێدەکۆشێت. تا دەگاتە وەرگرتنی سلوکی عاریفانە و لە ڕوئیا و تەشەهود نوێ دەبێتەوە، لەگەڵ سەختیی بڕیار و ڕێگا، بەڵام چێژێکی ڕۆحانی لە هەوڵەکانی خۆیدا دەبینێت و تا چلەپۆپەی کۆتایی مەنزیلە و مان لەبەر خودادا لە مەشق ناوەستێ لە چرکەساتە یەکەمینییەکانی هەستکردنی بە پاکبوونەوەی تەواوەتی و بینینی ئەو جوانییانەی بە چاوی سەر و بە چاوی دڵ دەیانبینێت. ئەو کارما پۆزەتیڤییەی، کە لە بوونی خۆیەوە دەیبەخشێت لە کرانەوەی دەرگا نورانییەکان بە ڕویدا فیردەوسێکی ڕاستەقینەی زەمینی بۆ دروست دەبێت پێش ئاسمانییەکەی.

**٢.١.١. چەمکی عیرفان:**

سەبارەت بەو چەمکە ئەو پرسیارانە دێتە ئارا: کە ئایا عارف مەعریفە لە کوێ و چۆن وەردەگرێت تا ببێتە عارف؟چۆن بەو ڕێگا ڕۆحانیانەدا دەڕوات؟ بەچی دەگات؟ بۆ وەڵامی ئەمانە  خۆی سەرچاوەی هەموو عیرفانیەتێک ئایین بووە و (ئایین بە تایبەتی بیری ئایینی یەکێکە لە کۆنترین ئەو کێشانەی ڕوبەڕوی فەلسەفە بووەتەوە، بەڵکو گەورەترینیانە.) (امال، ٢٠١٧: ١)، چونکە ڕوبەڕوی پرسیارکردنە لە گەورەترین شتێک کە وجودی ڕاستەقینەی  هەبێت نەک بوونی گوماناوی هەبێت، کە خۆی دروستکەر و هێنەری بوونە لەلایەک، لەلایەکی تر نزمی ڕادەی بیرکردنەوەی مرۆڤ لەو ئاستەدا، کە تواناى بەسەر ئەو نهێنی و جوانیانەی بەدیهێنەردا ناشکێت، تەنها ئەوانە نەبێت،کە خاوەن عەقڵی مەزن و ورد و پێبەخشراون و هەندێ لە نهێنیی کتێبە ئاسمانییەکانیان و پسپۆڕانی بەردەست دەبێت لەلایەکی ترەوە، ئەو چەمکە لەنێوان مەعریفە/ ناسین و پەرستن یەکانگیرن، چونکە ئەوەی خودا بە واتای ناسینی مەزنیەتیی شایان بەخۆی بناسێت پەرستنیشی نەک هەر ئاسایی، بەڵکو لە دیدگایەکی عیشق و ئیستاتیکایەکی پۆزەتیڤانەوە دەبێت (لە حەدیسی قودسیدا هەیە خودا فەرمویەتی: "کنت کنزا مخفیا فأحببت أن أعرف فخلقت الخلق لکي أعرف" لە قورئانیشدایە کە خودا فەرموویەتی: "وما خلقت الجن والانس الا لیعبدون. " لە بەیتی یەکەمدا مەبەستی سەرەکیش لە ئافەرێنیش ئەمەیە کە مەخلوق خالقی خۆی بناسێ و عیرفانی پێیەیدا بکا و لەبەشی دووەمدا مەبەست و ئامانج لە خەلقکردن ئەوەیە کە مەخلوق بەندەیی و عیبادەتی خوای خالیقی بکا، *حەزرەتی مەولەوی لە تەوجیهی ئەم دو واتا بە زاهیر موخالیفەدا فەرمویەتی:

لەکەی مونافات "لکی اعرف" چوو                    دەسەمل لەگەڵ "لیعبدون" بو

واتا لکەی دژایەتی واتای "لکی اعرف" لاچوو لەگەڵ واتای لیعبدوندا دەسلەملان بوون، ئەم واتایە: کە  هەردوکیان بە واتای عیرفان و ناسینی خوان.) (ئیبراهیمی، ٢٠٠٠: ٢٢٧) کەواتە باڵاترینی پەرستن لە خۆشویستن و عیشقەوە لە ناسینێکی عارفانەی خوداوە دەبێت، ئەمەش گرینگیی یەکەمینی و بنچینەیی چەمکی عیرفانە.

**٣.١.١. عیرفانیەت و خواناسی و خودناسی:**

وەک ئاماژەمان پێدا عیرفانیەت کە پەیوەستە بە ئایین و هەر ئایینێک کە دەرکەوتووە هەوڵی جێگیرکردنی دراوە، (بەڵگەی دروستی جێگیرکردنی باوەڕی بنچینەیی ئایین، بوونی خودایە، هەر وەک زۆر لە بیریارە ئایدیالییەکان پێشکەشیان کردووە، سێ ئارگیۆمێنت/حجة دەهێننەوە بەڵگەی گەردونی کە لای ئەفلاتون بوونی هەیە و ئەرستۆ و لایبنتز باوەڕی پێی هەبووە، بەڵگەی تیلیۆلۆژی/ الغائي لای سوکرات وئەفلاتوون و دواتر ڕەواقییەکان بەرەو پێشیان برد، بەڵگەی ئەنتۆلۆژی کە قدیس "ئۆگەستین" بەوەی وێنای بوونی کامڵی خودا دەکەن, مادام بوونی هەیە، دواتر لای ماددییەکان و هەندێ لە لاهوتییەکان و "توما اکوینی"یش قبوڵ نەکرا, کە پێیانوایە دەبێ هەموو شتێ بوونی واقیعی هەبێت، بەڵام بیریارە ئایدیالییەکان بەڵگەی تری "مەعریفی و دەرونی و ڕەوشتییان" دەرخست لەسەر بوونی خودا، "کانت " ڕای وابوو، کە خودا بوونی هەیە باڵاترە و بەسەر ئەزمون کەوتووە دواتر بوونی خودا جەخت دەخاتە سەر باوەڕ.) (ڕۆزنتال: ١٠) ئەوەی لای ئایدیالییەکان ڕونە: جیهانی ئایدیالی و ڕاستەقینە ڕاستیی ڕاستەقینەی لێ دەدۆزرێتەوە و جیهانی بینراوی زەمینیش کۆپی ئەو ڕاستییە ڕاستەقینەییەیە، بیروباوەڕی "ئەکوینی"یش بێگومان لەسەر ڕێچکەی بوون و لەدایکبوونی پێغەمبەر "عیسی" "س.خ"بووە، کە مشتومڕی لەسەر کردووە، لە هەمان کاتدا کۆمەڵەی تر هەبوونە، کە بۆ هەستە ناوەکییەکانیان بردووەتەوە (ابقتیتوس:٥٠-١٣٨ز." و ڕواقیە داوای ئازادیی ناوەکی دەکات، پێیوایە, کە ئاغا ببێتە بەندە بۆ خولیاکانی و کۆیلەش دەکرێت ئازاد بێت لە سەربەخۆیی ڕۆحی ناوەکیی خۆی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئازادییە نایەتەدی بە گۆڕینی جیهان, کە خودی شتەکان نین، بەڵکو ئەو بیرانەی مرۆڤ دروستی دەکات دەربارەیان وایلێدەکات خۆشحاڵبێت، چاکە و خراپە ناو شتەکان نین، بەڵکو لە هەڵوێستمان بەرامبەریان دەردەکەوێت، بۆیە ئەگەر بتەوێ  کامەڕان بیت ئەوا ویستی خۆتە.) (روزنتال:٧) لێرەدا هیچ بوونێکی ناوەکی بێ بەرنامە و چەسپاو نابێت، چونکە هەر مەردومێک حاڵەتێکی تایبەتی سەبارەت بە خود و تایبەتمەندییەکانی دەرونی هەیە و بنەمای دامەزراندنی مەبەستێکی وەها سەربەخۆ و دروست نایەتە دی، هەر وەک ئێستای سەردەمیانەی بەرنامەی فیمینیزمی سێیەم پێشەواکەی "سارا غامبل" کە داوای گۆڕینی جیهان دەکات،  لە هەمان کاتدا ("فلیۆن" ویستویەتی یەکانگیری لەنێوان سروشی ئیلاهی لای یەهودییەکان و فەلسەفەی میتافیزکی لای یۆنانی کۆن "گریک" بکات، فیلیۆن خۆی لە کێشەی شیکردنەوەی تەورات ڕزگارکرد بە بەکارهێنانی زاراوەی "لۆغۆس" کە لای یۆنانەکان بۆ شیکردنەوەی ڕەفتاری کەسەکان بەکاردەهات سەبارەت بە "خێرمەندی و شەڕانگێزیی . "فیلۆن" بۆ ئەو نەفسانەی دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ خوا سێ ڕێگای دیاریکرد: "کە هەر ڕێگایەکی دایە پاڵ پێغەمبەرێک/ ١. لەڕێگەی کۆششکردن و زوهدەوە، کە ڕێگای سۆفیەتییە و دایە پاڵ "یعقوب" س.خ.". ٢. خوێندن/ دیراسەت و مەعریفەوە کە ئەویش ڕێگای "ئیبراهیم"س.خ. یە.٣. ڕێگای ئەو پێغەمبەرانەی لای خواوە نێردراون دەدرێتە پاڵ ئیسحاق"س.خ.") (امال،٢٠١٧: ١٨) لەگەڵ ئەوەشدا هەموو پێغەمبەرەکان لەو سیفەتانەدا هاوبەش بوونە ئەوە ڕاستە پێناسینی تایبەتی وەکو پێغەمبەر"محمد" "د.خ." هەیە، کە بە ڕاستگۆیی و دەستپاکی ناسرابوو، کەواتە بەرنامەی ناسینی ڕاستی و دامەزراندنی بنەمای دۆزینەوەی ڕاستیی ڕاستەقینە لە دەرونمان ئاسانتر دەبێت، بۆ سەرخستنی بیریش هەر وەکو پڕاگما، کە ( پێیوایە کە کار ناگاتە مەبەستی خۆی، تەنها ئەگەر سەرکردایەتیی خاوەنەکەی کرد بەرەو سەرکەوتن، بیری ڕاست بیری سەرکەوتووە.) (امال، ٢٠١٧: ٧) کەواتە کێ سەرکردایەتی ئەو کارە دەکات؟ کە وەڵام خودا دەبێت و لە سەرکەوتنی کارەکەدا ئایا ئەو ئایینانە سەرکەوتوو نەبوونە؟ سەرکەوتو بوونە و بەردەوامییەتیان و سەلماندنی زانستانەییان بەڵگەیەکی ڕونە، مرۆڤ کاتێ کە "خوای ناسی خودی خۆی دەناسێت و"*"لای ڤیدیەکان ئەو پەندە هەیە" و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە و ئەوەش بەدوایدا سەرکەوتن دێنێت.

**٤.١.١. سازاندنی زەمینەی عیرفانی بۆ دۆزینەوەی دەرون:**

لەوە جوانتر و شادیهێنەرتر نییە مرۆڤ بتوانێت بگاتە ئەوەی بیر لە ناسین یان دۆزینەوەی دەرونی خۆی بکات، ئەگەر بکرێت جوانتر ئەوەیە، کە بیدۆزێتەوە و

لەبارتریش ئەوەیە، کە هەوڵی چاککردن و پاراستنی بدات! لە دیرینەوە بۆ ئەو مەبەستە روکراوەتە ئەوەی، کە (عیرفان بە هۆکاری دۆزینەوەی دەرون دەناسرێ، ئەوانەی بەرەو ئەو کارە دەچن سێ بەشن:

١. (بۆ ئەوەی بگەنە کاری نائاگونجاو و سەیروسەمەرە لە کردارەکانیان، بۆنمونە جادوگەرەکان ئەهلی تەلیسم و نیشانە، هێنانەبەردەستی رۆحەکان، شیکەرەوەی رۆحەکان و کاریشیان بەوانە کردووە، ئەوانە وەرزشی دەرونی ئەنجام دەدەن وەک لە هیندستان دەبینرێن، دەبینین مرۆڤ هەن لە قۆڵتێکی هەڵکەنراوی زەوی ماوەی شەش مانگ لەناوی دادەنیشێت، یا خۆی رادەهێنێت لەسەر خواردنی شیشۆق یا خۆڵ یا نەخواردنی گۆشت، ئەمانە مەبەستیان تەنها بۆ ئەوەیە بگەنە هەندێ کرداری سەیر، کە هیچ تر پێی نەگەیشتبن.

٢.کۆمەڵێکی تر کاری بۆ دەکەن و ئامانجێکەو گرینگە لایان، دۆزینەوە و ناسینی دەرون شتێکی جوانە، کە ئەهلی تەسەوفن.

٣. کۆمەڵەی سێیەمی، کە ڕاستەکەن: ئەوانەن کە هەوڵیان داوە بگەنە دۆزینەوەی دەرون تەنها بۆ دۆزینەوە نەبێت،بەڵکو کردویانە بە رێگایەک بۆ گەیشتن بە خودا، و تەنها رێگایەکی تێبینیکراوە هەر وەک زاناکان دەڵێن: بەرەو تەریقەت نەک لەڕوی بابەتییەوە، تەنها پردێکە دەگەیەنێتە مەعریفەی ڕاستەقینەی خوادی گەورە، ئەوەی دەرونی خۆی ناسیوە خوداشی ناسیوە، ئەوانە عارفی ڕاستەقینەن، کە کاریان کردووە لەسەر پاککردنەوەی دەرونیان چاککردنی و دۆزینەوەی پنتی مانای خۆی/ گەوهەرەکەی وەکو هۆکارێک بۆ گەیشتن بە خودای گەورە.) ( الجبار: ٢٠١١) کەواتە جۆری سێیەم عارفی ڕاستەقینەن بە شادبوونیان بە بوونی ڕاستیی ڕاستەقینەیە، کە خوای گەورەیە، لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش ئەوانەی یەکەم لەرێگەی چییەوە ئایا هێزی شەڕانگێزییە کە دەیانگەیەنێت بەو ئاستەی کە باسکرا؟ چونکە باری نا ئاساییان لێ دەبینرێت. هەندێکیان فروفێڵی "بەسەری" یا بڵێن هەر چۆنێک بێت، پرسیارێکی تر هەیە، ئایا ئەوانە بە تەواوەتی شەڕانگێزن؟ کاتێک شەش مانگ لە قۆڵتێک دەژین ڕاستە رووەو نائاسایی دەچن، بۆ نمونە، کە لەوێدا دەمێننەوە دور دەبن لە پاکوخاوێنیی جەستەییش لە هەمان کاتدا دەشێت بڵێین لەوانەشە تێیاندا بێت لە کاری خراپەکاری بەدور بن و خەڵوەتی خێرمەندی بگرنە بەر، دواتر دیسانەوە لە مەسەلەی سۆفیگەرەکان و هەندێ لەزیادەڕۆیی لێیان دەبینرێت؟ واتا ئەگەر بشێت بڵێین هەندێکیان لە چوارچێوەی حەز و ویست و دنیابینی و بەرژەوەندی و شەڕانگێزی بن، لەگەڵ ئەوەی دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە هەندێ لە سۆفیگەرەکان هەنگاوی یەکەمیان ناوە بەرەو عیرفانی ڕاستەقینە.

بوونی ڕاستەقینەی کۆمەڵی سێیەم لە ژیاندا دەبێتە بەهرەمەندی و بەخشش بۆ مرۆڤایەتی، چونکە ئەوانە، کە دەگەن بەو ڕادەیە نابێت تا ڕادەیەک لە شەڕانگێزی و خراپەکاری نزیکببنەوە، دیسانەوە دەپرسین ئەوەی بەشی "ئینس"ی شەڕیان ئەوانە هەر مرۆڤن؟ دەشێت وەڵاممان ئەوەبێت ئەوانە بە ئازار و مەینەتی و تلانەوە ئەزمون دەکرێن و خۆیان ئەزمون دەکەن و ڕاهێنراو دەبن لەسەر خۆخواردنەوە هەوڵی بە پاکمانەوەی خۆیان دەدەن، بۆ نمونە مەولەویی شاعیر وەک ژیانی دەربدەخات جەنگی دەرونی لەگەڵ دەرونی خۆی کردووە، ئەمە لەلایەک لەلایەکی تر ئەوانە لەناو خۆشنشودییەکی ڕاستەقینە دەژین، چونکە حەقیقەتی ژیان و دنیا دەزانن بەهۆی دیدگای نورانییان، دڵیشیان لە هەموو شتێک ئۆخەی دەکات و بە چارەنوسی رۆحانییەتی خۆیان دەزانن، لەلایەکی تر زۆربەی ئەوانەی دەگەنە "بینین بە نوری خودا" خۆی لە بنچینەدا دەبێت نهێنییەکان بپارێزرێن لە تەشەمود و خەون و ئەوبابەتانە.

کەواتە دەگەینە ئەو ڕاســـتییەی، کە "وەک زاناکان باســـــدەکەن"*ئەگەر وەکو کۆمپیوتەرێک ســــەیری جەســـتە بکرێت و رۆح بەرنامەکەی ســــەری دەبێت و دەرونیش ئەو کەســە دەبێت کە کار بە بەرنامەکە دەکات، جا بە سـەلبی یان ئیجابی، جەســـــتەش بەشــــە رەقەکەی "هارد"ی کۆمپیوتەرەکە بێت،ئەوەی لەناو دەچێت کۆمپیوتەرەکەیە" کە ئەوەش دروستبوونەوە سودوەرگرتنەوە لێی هەیە وەکو "جینات "* بەڵام دەرون"نەفس" ئەوەیان ئازار یان خۆشی بەهەشت و دۆزەخەکە دەکێشێت وەک لە ئایەتەکانی "يأيتها النفس المطمئنة ارجعي الى ربكي راضية مرضية فأدخلي فى عبادي وأدخلي جنتي. فجر /27 ، ۲۸ " و "ونفس وما ســــواها فألهمها فجورها وتقواها.الشـــمس/٧، ٨ "داهاتووە، رۆحیش تایبەت بەخودایە" "ويســــالونک عن الروح قل الروح من أمر ربي.اسراء /٨٥"، ئەمەشــە کە رۆح نامرێت و دەمێنێت ( محمود، ٢٠٢٤). ئەگەر زیاتر لە لێکچوانـدنی وردبینەوە دەتوانین بڵێین"ولله المثـل الأعلى": دەکرێ کارای یەکەمی بوونی "نێت"، کە لە مانگە دەســــتکردەکانەوەیە و مرۆڤی ئاسـایی دەسـتی پێی ناگات بە نمونەی خودا دابنرێ و ئەوەی زەمینییەکەیشـە بە نمونەی هێڵەکان و ئامێرەکان بە جەستە و دەرون و رۆحی تایبەتی هەر ئادەمیزادێک دابنێین.

### ٥.١.١.ئایا هەموو کەسێک دەتوانێت ببێتە عارف؟

وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد عیرفانیەت هۆکارێک بوو بۆ دۆزینەوەی دەرونمان، ئایا دەتوانین ژیانێکی ئاسایی بژین و کانزای دەرونیشمان بدۆزینەوە و هەوڵی هەرچی چاکتر و ئاسودەتری بکەین؟ گەیشتینە ئەوەی زەمینەسازی بۆ بەرنامەی عیرفانیەت بکەین بۆ ئەو ئامانجە، ئینجا لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش: ئایا هەموو کەس دەتوانێت ببێتە عارف؟ ئایا دەتوانین لەسەر کار و پیشەی ژیاندنی خۆمان بەردەوامبین و عارف بین لە هەمان کاتدا؟ پرسیار و پێشبینی تر دێت: کە (ئێمە بە کاروباری ماددییەوە سەرقاڵین، سەرقاڵیمان بە کاروباری ماددی رێگرمانە لە دۆزینەوەی دەرونمان، دەرون نابێت لەیەک کاتدا بە دو کارەوە خەریکبێت (ما جعل الله لرجل من قلبين فى جوفه) ( الجبار: ٢٠١١) ئەم ئایەتە بەڕای ئێمە شیکردنەوەیەکی تر لەخۆی دەگرێت، ئەگەر دو دڵ لە مرۆڤێکدا بێت ئیماندار و بێئیمان، یا ئەو دڵەی یەکەم لە ڕادەی عارفایەتی بێت دەتوانێت لە بازنەی دەرونێکی پاکبووەوە و رۆحێکی باڵادا جەستەی لە ژیاندا بێت، هەموو هەنگاوێکی لەناو پەرژینێکی ڕازاوەی پەرستش و ژیانکردن و بیرکردنەوەیەکی بیریارانە و ئیستاتیکیانە بێ، بەڵام ناگونجێت دودڵ بەیەکەوە لە جەستەکدابن لەلایەک و لەلایەکی تر ئەو ئایەتە جۆرێ لە "ئیعجازی زانستی" تێدایە، کە مەبەست لێی واتا پیاو تەنها یەک دڵی هەیە و بۆ مەسەلەی ئافرەت کە دەبێتە دایک ئەو کات خۆی و مناڵەکەی دو دڵ لە جەستەیەکدا دەبێت، کەواتە ئەو ئایەتە مەبەستی ئەوەنییە کە مرۆڤ نابێت لەلایەك کاربکات و ژیان بگوزەرێنێت و عاریفیش بێت ئەوا: دودڵی هەبێت: "خێرمەندوشەرانگێز"! واتا مرۆڤ لەژیاندا کاربکات دودڵی نییە. لەلایەکی تر دەبینین سەرجەم پێغەمبەرەکان "س.خ." بە پێغەمبەری ئیسلامیشەوە، "د.خ." پێشەنگ و سەرمەشق بووە بەتایبەتی لەو بوارەدا، هەمووی جگە لە پێغەمبەرایەتی و ماڵ بەڕێوەبردن و بەرنامەسازی و شوانکاری و دارتاشی ...هتد، کەچی بەهەموو مانای وشە پەیامبەرێتیشیان کردووە، ڕاستە ئەوانە توانایان لە ڕادەبەدەر بووە، هەندێکیان بۆ نمونە: "داود" و "سلیمان" "س.خ."، هەرچەندە ئەمانە نمونە بوونە بۆ ئەوەی خەڵک چاویان لێ بکات، بۆیە مرۆڤ، کە بیەوێت دەرونی خۆی پاکبکاتەوە و بەدوای ڕاستەوانەی دەرونی و دۆزینەوەی بێت دەتوانێ لە زۆر بوار و کات و کاردا ئەوەش بکات.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp225-242

بۆ نمونە دەتوانێت لە ساتی کاروباری خۆیدا لە ڕۆحانیەتێکی پتەودا بێت، واتا چۆن ڕۆژوگرتنی خواردن و خواردنەوە هەیە بەو جۆرەش ڕۆژو بگرێت لە زمان وەشاندن، یان خۆی ڕۆشنفکر بکات و ڕۆحی تێر بکات و یادی خودا بکات، زوهد و وەرعی هەبێت، (زۆر لە میللەتان و نەتەوەکان و ئایین و "مللة"ەکان گرینگییان داوە بە دورخستنەوەی مرۆڤ بۆ ماوەیەک لە سەرقاڵبوون بەکاروبارە دنیاییەکان، لە پێناوی ئەوەی سەرقاڵ بن بە دۆزینەوەی دەرونی خۆیان و لەپێناوی ئەوەی کاربکەن بۆ گەیشتن بە گەوهەری نەفسیان و ڕاستیی نەفس.) ( الجبار: ٢٠١١) سەبارەت بە گەیشتن بە گەوهەر و حەقیقەتی دەرون لە کاتی ژیانکردندا ناتوانێ بەو شێوەیە ڕێگر بێت، چونکە لە ڕوی دەرونزانیشەوە زۆر جار مرۆڤ لە ناخ و دەرون و حەقیقەتی خۆی بەتەواوەتی تێدەگات، بەتایبەتی ئەوانەی توشی ڕادەیەک لە خەمۆکی کاتیش دەبن، لەبەرئەوەی خۆیان دەدۆزنەوە و دواتر دەوروبەریشیان دەبینن و مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن؛ دەچەقن، ئینجا هەندێجار نکۆڵی لەوە ناکرێت ژینگە و هەتا بەهرە و بەخشش زیاتر بڵێین وەکو ئیلهام و سروشێک خودای گەورە دڵی زۆر کەس ڕوناک دەکاتەوە بەو ڕادەیەی چاوی بەسیرەتی دەبێت بۆخۆی و ژیان و دەوروبەری، بۆ نمونە ئایەتی "نور"، کە پێی دەڵێن ئایەتی کەشف و بەسیرەت یان دڵنەوایی بەدەرون دەدات، چونکە ناکرێت بەو هۆکارەوە هەموو دەرگایەک لەسەر مرۆڤ دابخرێت. دواتر ڕاستە شەو بۆ نوستنە و بایۆلۆجییەتی لاشە و هۆکاری زیاتری دەردانی هۆرمۆنی "سیروتونین" و "میلاتونین" کە کاریان "دڵخۆشکردن و ڕێکخستنی کاتژمێری بایۆی مرۆڤە، بەڵام دەشێت بەشێک لە شەو بکرێتە هۆکارێک بۆ ئەنجامدانی کاری ڕۆژانەش بەتایبەتی زانست. هەتا لە فەرمودەی پێغەمبەر "د.خ."یش داهاتووە: کە فەرمویەتی: "خەڵك نوێژیان کردو نوستن و ئێوەش هەروا لە نوێژدان. مادام چاوەڕوانی نوێژن." ئەمەو زانایان مانەوە بۆ نوێژو زانست بەیەکەوە پەیوەست دەکەن."البخاری/575: باب السمرعلی الفقه والخیر."، کەواتە دەکرێت شەونخونی بۆ زانست و پەرستش وکاری چاکە بکرێت ، دواتر مەسەلەی بەرەکەت لە کات و تەمەن هەیە، مەسەلەی هێزی هاندەر و کاتگرتنەوە هەیە، بۆ نمونە لە هەڵوێست و توانای دەرونی و هەڵپەدا مرۆڤ کاری کاتێکی زۆر زۆر بە ماوەیەکی کەم و بە جەختگیری ئەنجام دەدات، نمونەی ئەوانەش زۆرن لە جیهان لەڕوی ناوەندی زانستی و ئەکادیمی هەتا بە نەتەوەی خۆشمانەوە. خاڵێک هەیە سەبارەت بە "بێزاری" کە باسی دەکات، بەڵام ئەوە حاڵات و ناسینی هەندێ کۆمەڵە پێوەیەوە. دۆزینەوە و پاککردنەوەی دەرون تەنها ئەوە نییە بە کتومتی چەند ڕێنمایی و کارێک ئەنجام بدرێت، بەڵکو کاتی پشو هەر لە خودی کار و ئیشکردندا زیکر و بیرکردنەوە و ڕۆح تێرکردن دەتوانرێت کاری لەسەر بکرێت، ئەگەر تاک هۆشیار بێت و تێگەیەنراو بێت، مەرج نییە ئەوە ببێتە هۆکاری قووڵنەبوونەوەی مرۆڤ بۆ ناو دەرونی خۆی و بابەتە ڕۆحانییەکان، چونکە جگە لە گەڕان بەدوای بژێویی کەسی بیرڕۆشن و ڕوناکبین کاروباری ژیان نابێتە هۆکار، تا بیرنەکاتەوە لە خودی خۆی و خودای و بنچینەی بوون، بۆنمونە کەسێ ڕۆژانە خەریکی هەر کارێک بێت ڕێگر چییە لەبەردەم بیرکردنەوە و تێڕامانی هەمیشەیی؟ یان پەرستنی ئارام و ڕۆحانی ئاسودەبەخشی خۆی ( عمارة، ٢٠١٩) باسێکی قووڵی ئەو بابەتانە دەکات، "چونکە هێز و سوتەنی ڕاستەڕێی و ڕاستبوونەوەی لارییەکانی ئاڵۆزی ژیانی ئاڵۆسکاوی لێوەردەگری، وەکو زانستی کارمایی و دەرونی سەردەمیش سەلماندویەتی، ئەو هۆکار و بەرنامانەی، کە لە شارستانییەتەکانەوە بیرمەندانی جیهان هەوڵیان بۆ داوە، تا گەیشتووەتە "ئیکۆفیمینیزم"ی سێیەم، کە لە ڕوی جیهانبینییەوە هەوڵی بۆ دەدات، دور لە شەڕ و هێنانە ناوەوەی خێرمەندی، دور لە جەنگ، خیانەت، زیادەڕەوی، چونکە لێرەدا هەموو خاوەن پیشەیەک پشکی پاکبوونەوە و گۆڕینی جیهانی بەرەو جوانترین بەردەکەوێت. هەمان سەرچاوە ی (الجبار:٢٠١١ ) ئایەتی "وجعلنا نومکم سباتا.نبأ/٩" بۆ ئەو مەبەستە دەهێنێتەوە، ڕاستە لەڕوی زانستیشەوە سەلماوە، بەڵام شەو لانکەی عاشقانی خوایە، باشترین کاتە بۆ نزیکبوونەوە لە خودا، هاتنی خودا و تەجەلای بۆ ئاسمانی یەکەم، بەرەکەتی "زانست وکۆشش"ی دەبێت دەتوانی دابنیشیت، وەکو باسمانکرد هەر وەک لە ئایەتی "یأیها المدثر قم فأنظروربك فکبر وثیابک فطهر والرجز فاهجر.المدثر/ ١-٥" سەبارەت بە کارکردن خۆی مرۆڤ دەتوانێت لە ئەنجامی کارکردنی زۆر و دڵسۆزانەیدا:

١.بچێتەوە ناو دەرونی خۆی و نەک هەر ئەوە بچێتە خوێندنەوەی دەرونی بەرامبەریشی، کە لە دواتردا دەریدەخەین هەموو مرۆڤێک دەتوانێت ببێت بە عارف، لە کاتی پیشەییدا تاقیکردنەوەی ڕۆحی دەرونی خۆی بکات لە تێکەڵی و ڕوبەڕوبوونەوەی شەڕ و شەڕانگێزی و خۆپاراستن و ژینگەپاراستن و گەردونپاراستن: واتا نەهێڵانی کردنی گەردون بە سەرچاوەی یەکەم، عارفیەتی و کارمای ئیستاتیکیی خێرمەندی بە کەسێک دەبەخشرێ و کارلێک دەکات، کە عارفێکی ڕاستەقینە بێت.

٢.مرۆڤێک دەیەوێت خزمەت بکات با بڕیاری بە عارفبوون بدات لە هەوڵ و بنەمای داهێنراو و پەشیمان بەدواوەییەکان نا، بەڵکو لە بەرنامەی مەنزیلەکانەوە دەتوانێت لەناو کۆمەڵگا بژیەت و بۆ ئەو مەنزیلانەش بڕوا واتا لە "سیروسلوک"ی عاریفاندا بێت ئینجا ئایا تەمەن بەوە ڕاگەیشت بگاتە مەنزیلەی کۆتا یان نا ؟

**٦.١.١.جۆرەکانی عیرفان لەڕوی خێرمەندی و شەڕانگێزیی سەرچاوەکانیانەوە:**

١.عیرفانی خێرمەندی: سەرچاوە و بەرنامەی پەیڕەوکەران و ئەنجامگیر و بوونیان بەرەو خێرمەندییە، چونکە ئەمجۆرە سەرچاوەی سەرەکی خوایە (الله) و پشت بە هیچ سەرچاوەی تری دروستکراوی خودا لە نادیارەکاندا نابەستێ و نییەت و ویستی بۆ خودایە و لە ڕێگەی بڕینی ئەو بنیاد و مەنزیلانەی بەرەو "سیر"ی خودای دەبەن دەرون و ڕۆحی پاک دەبێتەوە و مرۆڤێکی خاوەن کەسێتییەکی باڵا و لەبار دەبێت، چونکە نە پێویستی بە کەسە و نە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی هیچ شتێکی دونیایی و بەرژەوەندی دەدات، تەنها ڕوگەی دڵی لە خودای تاقانە و هەمیشە هەوڵی بەهێزکردنی ئەو بازنەیە و پتەوکردن و بەهێزکردنی و جێگیرکردنی دەدات، بەمەش دەبێتە مرۆڤێک لە ئاستێکی تایبەت و باڵا، بوونی کەرامات و نورانییەت و هێمنی و ڕوئیای لەلا زیاد دەبێت، بەمەش مرۆڤێکی خواناس و خودناس و خەڵکناسی لێوە پەروەردەدەبێت، کەواتە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ خالقی دەبێت، شایانی باسە مرۆڤ مەعسوم نییە و نابێت، بەڵام لێرەدا مرۆڤ لە جۆرێکی وەها، کە هەوڵی پاکبوونەوەی دەرونی خۆی دەدا و پلەپلە کە ئەو مەنزیلانە دەبڕێت دوریی لە شەڕانگێزی و هەنگاوی بەرەو کار و وتە و ژیانێکی پۆزەتیڤ دەنێت و بوونێکی پۆزەتیڤی دەبێت تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگەکەشی دروستدەکات.

٢.عیرفانی شەڕانگێزی: ئەوەیان وەک لە پێشتر باسکرا، مەبەست لێی بەرژەوەندی و هێنانەدی مەبەستێکی واتایی و ماددیی دنیاییە، لە بیرە ئەهریمەنییەکان و ژورە تاریکە شەڕانگێزییە مرۆییەکانەوە سەری هەڵداوە تا گەیشتووە بە ژورکردنی ماددی و ناولێنانی پەرستگا و دواتر وردەوردە ناوەندی بۆ کراوەتەوە تا بە تەواوەتی وەکو زانینێکی ئەکادیمیشی لێهاتووە، ئەو کارمایەی لێوەی بەدەست دێت کارمایەکی نێگەتیفە، سەرچاوەی سەرەکی جیاوازە لەگەڵ سەرچاوەی عیرفانی خێرمەندی.کە یا ئەهریمەنە یا مرۆڤێکە کە بانگێشتی بوونی بەخوا دەکات مرۆڤی بەخواوەند بوو /تالیهیە.هەر

سەبارەت بەو دو جۆرەی عیرفان،کە لە قورئانی پیرۆزو فەرمودەی پێغەمبەر"د.خ."دا هاتووە" بەمشێوەیە:

١. لە قورئانی پیرۆزدا: لایەنی خێرمەندی ئاماژەی بۆ کراوە، کە (مەعروف دژی مونکەرە) (ابادی، ١٩٧٩: ١٦٨) "واتا هەندێ جار وشەی مەعروف وەکو عیرفان بەکارهاتووە" و (ئەو شوێنە لە لای منی" ئادەم و حەوا پێیان زانیوە یان وتەی "جبریل" س.خ کە بە "ئیبراهیم"ی س.خ وتووە: کە فێری ڕێوڕەسمەکانی ئەنجامدانی حەجی کردووە: زانیت؟ وتویەتی: بەڵێ زانیم، چونکە پیرۆز و مەزنە ، جگە لە هاتنی لە ئایەتەکاندا بۆ نمونە:( لە "المرسلات عرفا": واتا ویستی ناردنی بە چاکەی هەبووە.) ( ابادی، ١٩٧٩: ١٦٨)، هەروەها واتای تریشی هەیە بۆ نمونە: ("اعراف" پەرژینێکە لە بەینی بەهەشت و ئاگر، لە با بەهێزترینیانە. ("اعرورف": واتا دەریا کە شەپۆلەکانی بەرزدەبێتەوە) (ابادی، ١٩٧٩: ١٦٩)، جگە لەمە بە واتای ناسینیش دێت.هەر لە قورئانی پیرۆزدا: (لەتەک محیط ابادی "مرسلات عرفا") (ابن منظور، ١٩٨٤: ٩١) هاتووە: ("فاذا افضتم من عرفات"، "واتمروا بينكم بالمعروف"، "وادخلهم الجنه عرفها لهم"، "وعلى الاعراف رجال " سورەتی اعراف")، لەم ئایەتانەدا سەرجەمیان بە واتای زانین و ناسین دێن، بەڵام هەریەک لە جۆر و لە ئاستێکی تێگەیاندن و مەعریفەدا.

٢. لە فەرمودەکانی پێغەمبەر "د.خ."دا بە دو شێوە هاتووە: ئەوەی کە عیرفان وەکو لایەنە خێرمەندییەکەی وەربگیردرێت و بۆ خێرمەندی کارمای عاریفان: (لە فەرمودەی طاوس: پرسیاری لە "ابن عباس" "ر.خ. " "أهل القران عرفاء أهل الجنه" واتای چییە؟ وتی: سەرکردەکانی خەڵکی بەهەشتن."، بەڵام وەسفی شەڕانگێزی بەشی دووەم: فەرموده "د.خ." ("من أتى عرافا او كاهنا فقد كفر على ما أنزل على محمد": العرافه حق، والعرفاء فى النار") (ابن منظور،١٩٨٤: ٤٠٨) لێرەدا مەبەست لە بردنییەتی بەلایەنی شەڕانگێزی لەلایەن ئەوانەی ئەو بابەتە دەقۆزنەوە و ناوی جادو و خەیاڵبلاوی و قۆڵبڕینی خەڵکی لێدەکەوێتەوە."

**٢.١.بنەما فەلسەفییەکانی عیرفانیەت:**

**"لە نێوان زانستی فەلسەفە و عیرفانیەت":**

ئەوە دەزانین کە (فەلسەفە زانستی عەقڵە تیۆریی و پڕاکتیکی هەیە: تیۆریی دەربارەی زانینی بوونی شتەکانە و کردار یان پڕاکتیک کاری مرۆڤە، تیۆریش بۆ سێ بەش: ئیلاهیات: فەلسەفەی باڵا/ بیرکاری: فەلسەفەی ناوەڕاست، سروشتی: فەلسەفەی خوارو/ سفلی، فەلسەفەی باڵاش دو بەشە: حوکمە گشتییەکان، بوون، "ئیلاهیات" بە واتای تایبەتی ناسینی خودا، مەعریفەی خودا) (المطهری،٢٠١١: ١٥-١٦) هەرچەندە تیۆرییەکەش پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە، چونکە ئەگەر ئیلهام و حەدەسیش بووبێت بیریارەکە تیۆرییەکەی داناوە و پڕاکتیکییەکەش هەر بە هەمان شێوە تا چەند چارەنوسی سەرکەوتنی هەیە تیایدا، ئیلاهیات و مەعریفەی خودا بێگومان لە باڵاترین پلەن لە هەموو سات و باسێک جا چ جای فەلسەفەی تایبەت بەو بابەت بۆیە تێڕامانێکی ئارام و زیرەکانەی دەوێت، کە بتوانرێ حەکیمانە بە مەعریفەکان بگەین و دروستتر بگەینە ناسینی تەواوەتی خودا جگە لەمە (ئەو زانستە لەناو هەموو زانستەکانی تر نایابترە بەوەی زیاتر بەڵگە و بورهانی لای پێشکەوتووەکان هەیە و وەکو دادوەری "حاکمیە" لە سەرو هەموو زانستەکان و شای هەمووانە، چونکە زانستەکانی تر هەموو کاریان پێیەتی و لەچاو زاستەکانی تر گشتگیر و تێگەیشتنی هەیە وەرگرتنی ) (المطهري،٢٠١١: ١٧) هەر وەک شا لە یاریکردن بێت لەناو کۆمەڵانی مرۆڤایەتی بێت، تایبەتمەندی مامەڵە و بیرکردنەوەی دەوێت شاهنشاهێکی ڕاستەقینە و کردنەوەی ڕێگا بۆ بینینی ڕاستییەکان و جوانییەکانی بە چ ئیستاتیکایەکی خێرمەندی و مەحکەمیەتی بیر و بوونی مەعریفەی زەمینە و ئاسمانی. بۆ واڵابوونی دەرگاکانی گەیشتن بە هەر نزیکبوونەوەیەک لە بینین و لادانی پەردە نورانییەکان و زیاتری جوانی و میهرەکانی، بۆ ئەو مەبەستەش لە درەوشانەوەی بیری بیریاریەتییەوە دەبینین ئەو حیکمەتە نزیک بووە لە بیرە ئایدیالییەکان و هەتا ( ئەفلاتون سوقراتی بە "فیلاسوفوس" وەسفکردووە، واتا "محب الحكمه"، سوکرات نەیدەهێشت پێی بڵێن زانا واتا سۆفیست، بەڵکو ناوی لە خۆی نا خۆشەویستی "محب العلم" واتا فەیلەسوف) (المطهري،٢٠١١: ١٤) ئەوانە لەڕێگەی دانایییانەوە لەڕێگەی بینایی ئیستاتیکی و عیرفانییان لە تێڕامانیان بۆ سروشت و بوون و قووڵبوونەوە لە ئیلهامەکان و درکپێکردنیان گەیشتوونە مەعریفەیان بە خودا، عیرفانیەتیش، کە دانانە بە بوونی تاکیەتی لە سەرچاوەی بوونێکی باڵا لە جوانی و میهر هەوڵدانە بۆ هەرچی نزیکییەک و گەیشت پێی، بەڵام ئەوە چۆن دەبێت؟ دەڵێین (ئەگەر تۆ بەڕاستی پاڵەوانیت ململانێی خۆت بکە، لە ڕاستیدا شکاندنی بتی نەفس یەکەم و کۆتا هەنگاوە بۆ لادانی هاوبەشی و گەیشتن بە حەقیقەتی یەکتاپەرستی، هەر وەک شاعیر دەڵێت: تۆ ئەگەر ئازاد بووی لەدەست خودی خۆت ئەوا گەیشتوویی بە خۆشەوستت/ مەعشوقت، لەوانەیە ئەو واتایە نزیکترین ڕێگا بێت بۆ گەیشتن بەخودا.) (الریشهیری،٢٠٢١: ٤٠-٤١)، چونکە مرۆڤ لەڕێگەی دەرونیەوە لەسەر سەنگی مەحەک دانراوە و لە تاقیکردنەوەی ئەزەلیدایە، هەر کاتێ ئاڕاستەی بەرەو خێرمەندی برد و هەنگاوەکانی بەرەو پاکبوونەوەی دەرون و کامڵبوون نا، بێگومان ڕاستیی ڕاستەقینەی دۆزیوەتەوە.


**٣.١ تاکایەتی و یەکتایی و ئلوهیە چین؟**

لە ناوهێنانی زاراوە ئیلاهییەکاندا زۆرجار چاومان بەو زاراوانەی یەکتایی و تاکایەتی و ئلوهیەت دەکەوێت و جیایان ناکەینەوە، ڕاستە هەموو بۆ ناوبردنی خودای تاکانەیە، بەڵام (جیاوازیی نێوان "تاکایەتی و یەکتایی و ئلوهیە" ئەوەیە: تاکیەتی: هیچ لە ناو و سیفاتەکانی تیا دەرناکەوێ، تەنها خود لە خودی خۆیدا. یەکتایی: ناو و سیفەتەکانی تیادا دەردەکەوێت، کاریگەرییەکانی، بەڵام بە حوکمی خود، نەک بە حوکمی جیابوونەوەی، هەر هەمووی نمونەی سەرچاوەی ئەوی ترە. ئلوهیەتیش: ناو و سیفیاتەکانی تیادا دەردەکەوێت بە حوکمی ئەوەی کە هەریەکێ چەندی شایەنە لەناو هەمووواندا. "أحدية" یەکتایی بەپێی ئایەتی: "كل شيء هاللک الا وجهه" چەسپاوە) (الجيلي، ٢٠١٩: ١٥٧-١٥٨) کە ئایەتی "٨٨ ی/القصص:" ی هێناوەتەوە، بێگومان تاکیەتییە، کە پلەی یەکەمینی ناسینی خوایە. وەکو هەموو سەرچاوەکانی عیرفان هاوڕان: کە گەوهەرێکی شاراوە بووە و ویستویەتی بناسرێت، کەواتە تاکییەتی مەبەست لێی هەر تاک لە ڕوی ناسینەوە، یەکتاییش ئەوەیە کە گەردون و بوونەوەرەکانی دروستکردووە وەکو نیشاندانی هۆکارێکی ناساندنی خۆی، نمونە شاخێکە پتەو و جێگیر لە ناو و سیفاتدا "ناوی بەهێز/ القوي" دەتوانین لەوەوە تێبگەین یا مرۆڤێکی لەڕادەبەدەر بەزەیی ئەو کات "الرحيم" تێدەگەین، ئلوهییەتیش *هەرچەندە ئەوە شایانی تێڕامانە، چونکە هەرگیز بەشێک لە خوایەتی بە کەس نادرێت، ڕاستە ڕۆحی مرۆڤ بەخششە و لە ڕۆحی خودایە، بەڵام هەر مرۆڤە، "ئلوهیەت واتا خودایەتی و ئەگەر وەکو پلەش وەریبگرین: (مەقامی تاکیەتی و یەکتایی و تەجەلی بە "پیرۆزترین بەسەرداڕژانی میهر/ "فيض الأقدس" ئەو سێیە هەموو کاروباری ئیلاهییە، ئیلاهی و ئلوهی دەگەڕێنەوە بۆ جوانی، وەکو جۆر تایبەتییەتیش ئەگەر کەوتنە بەرامبەری سیفەتی جەلال.) (نورالدین، ٢٠١٤: ٢٣٤). دیسانەوە (ئەگەر جیهان بە جەستەی مرۆڤێک بچوێنین، دەبینین لە دیراسەتکردنمان" لێکۆڵینەوەمان بۆ جەستەیە، بە دو جۆر دەبێت: هەندێکیان تایبەت دەبێت بە ئەندامەکانی ئەو جەستەیە، سەریا دەست یا قاچ یا چاو

و هەندێکیان تایبەت دەبن بە هەموو جەستەکەوە، لە ڕوانگەی ئەو پرسیارانەوە: کەی ئەو جەستە بوونی هەبووە و هەتا کەی بەردەوام دەبێت؟) (المطهري،٢٠١١: ١٨-١٩) وەکو لە زۆر لێکدانەوە دەبینین لە شیکردنەوەی ئایەتی "يوم يكشف عن ساق. القلم/٤٢" هەندێ بە هاتنی خوای گەورە لێکی دەدەنەوە و هەندێ ڕای تر ئەوە پەسەند ناکەن، کە بەو شێوەیە ڕونبکرێتەوە و پێیان وایە مەبەست هەڵکۆڵینی شتە واتاییەکانە، واتا نیەت و کرداری مرۆڤ لە ڕەگ و ڕیشەوە، بەڵام دەگونجێ بڵێین ئەوەی هەیە تایبەتە بە خودا خۆی و جیایە لە جەستەی مرۆڤ هەر وەک فریشتەکان باڵیان هەیە، کەواتە خواش بە نور و ڕوناکی جیادەکرێتەوە، وەک لە ئایەتی "يد الله فوق أيديهم.فتح/١٠"دا هەیە، واتا دەستی خوا بەسەر دەستی ئەوانەوەیە، لەوەیە زیاتر ماناکە هێزی لەبن نەهاتوی خودایە.

### ٤.١ سروش چییە و ئایا دوای پێغەمبەرایەتی سروش دەمێنێت؟

ئەوەی درکی پێدەکەین دەربارەی سروش "بەخششێکە بۆ پێغەمبەران دێت جا چ لە شێوەی کتێبی نوسراو کە بە هەڵگر و گەیەنەری زەمینی"هەروەك لە "قل من كان عدوا لجبريل فإنه نزله على قلبك بإذن الله. البقره: ٩٧ " دا هاتووە ئەوەی کە "نێردراوە ئاسمانییەکەی "روح الأمين"ە، دەوترێ پەیامبەر و ئەوەشی کە بە خەون یا کەرامات، بۆی دەنێردرێت پێی دەوترێ نێردراو"، لەڕوی فەلسەفییەوە: (چەمکێکە لە چەمکەکانی فەلسەفەی ئایدیالیی درکپێکردنی ڕاستەوخۆ لەسەروی درکپێکردنی هەستی بۆ حەقیقەت، ئەو درکپێکردنەش تەنها کەسی هەڵبژێردراو لە چرکەساتی دەروەشانەوە ئیشراقی سۆفیەتی، فەیلەسوفە ئایدیالییەکان دەیانەوێت، کە بە چەمکی سروش بەستراونەتەوە بگەنە ڕاستی و چاکە، ڕاستی بە نسبەت ئەوانەی ناتوانن بگەنە سروش ئەوا دەبێتە بابەتی باوەڕ و دەبێت سروش و حەدەس لە یەکتری جیابکەینەوە.) (روزنتال: ٥٨١) بێگومان سروش وەکو تێگەیشتێن تایبەتە لەنێوانی خودا و پێغەمبەر و نێردراوەکان، ئیلهام بیریارە باڵاکان و حەدەس زیاتر هزری زاناکان، لە نێوان هەرسێکیان جیاوازی هەیە، هەرسێکیان پێپلیکانەی سەرکەوتن و پلەبەرزبوونەوەن "مەلای گەورە" دەڵێت: "حەدەس پێپلیکانەی سەرکەوتنە". سەبارەت بەنەمانی سروش دوای خاتەم "د.خ." سروش وەکو خۆی، کە بۆ پێغەمبەران بێت ئەوە نامێنێت، بەڵام موژدەبەخشەکان هەن لە شێوەی خەون کە وتەی پێغەمبەری "د.خ." لەسەرە "الرؤيا الصالحة من الله"/صحيح، أخرجه البخاري :٣٢٩٢"و بەمەش عارف دەرگای ئەو بابەتەی بۆ کراوە دەبێت، چونکە ئەو خەونانە کە ڕوئیای خێرن غەیبیشی لەگەڵدا دێ، بەڵام ئەم بابەتە نابێت وەکو کەرامات باس بکرێت، تەنها نهێنی نێوان خودا و عارف دەبێت. سروش بابەتە ڕاستەقینە و بنەڕەتییە خواییەکەیە هاوشێوەی نزیك لە سروش "حەدەس، بورهان، خەونی ڕاست /ڕوئیا"ن، کە لەم هێلکارییەدا دەریان دەخەین:




### ٥.٢ حەزرەت و پێنج حەزرەتی ئیلاهی لە عیرفانیەتدا:

حەزرەت چییە؟ ئەو دەستەواژە عیرفانییەیە، کە باڵاترین دەسەڵاتە. مەبەستی چوونە بەرەو بوونی زاتی خودا، زۆر جار هەر لەناو کوردەواری خۆمان دەڵێن: حەزرەتی فلان پیاوچاک یا زانان، ئینجا ئایا هەر ئەو مەبەستە بووە ئەوانەی بیری یەکێتی بوونیان هەیە یا تەنها هە ر بۆ ڕێزە؟ یا بە هەڵە کەوتووەتە زمانی خەڵکی ئاسایی و چەسپاوە، حەزرەت وەکو زاتی خودا (حەزرەت، بە ڕەچاوکردنی ئامادەباشی لە دیمەندا و ئامادەنەبوونی دیمەنەکانی کە هەیەتی، جیهانەکان بە ئامادەباشی ئامادەبووەکانی گەورەیەتی خوایەتی و دیمەنەکانە، بۆیە لە خود دەرکەوتنی حەزرەت نییە، لەبەر دەرنەکەوتن و ئامادەنەبوونی لە ئامادەییەک لە ئامادەباشییەکان و لە دیمەنێک لە دیمەنەکاندا، بەڵام مەقامی غەیبی یەکتایی ئەوا ناو و دیمەن و دەرکەوتن بەپێی ناوە خودییەکان و بەستەر/ڕابیتەی غەیبی یەکتاییە لەنێوان خۆی و بوونەکان و بە نهێنی بوونی غەیبی) (نورالدين،٢٠١٤: ٢٢٦) لێرەدا کاتێ لەو بابەتە تێدەگەیت، کە بەتەواوی لە ڕۆیشتنی بەرەو خودای عاریفەکان لە مەنزیلەکان تێگەیت، چونکە هەر مەنزیلە بەتایبەتی بەشی ڕاستی کۆتاکان ئەوەت بۆ دەسەلمێنن: وەکو پلەبەندی چۆن ئاسمانەکان هەن ئاوا زاتی خوا ئامادەباشییەکەی بۆ (٥ حەزرەت) دەردەخەن، کە (یەکەم حەزرەت غەیبی ڕەها، واتا حەزرەتی تاکێتیی ناوەخودییەکان، جیهانەکەی نهێنیبوونە، کە ڕابیتەیەکی تایبەتی غەیبی لەگەڵ حەزرەتی یەکتایی هەیە، هیچ کەسێ بە چۆنیەتیی ئەو نازانێت ئەو ڕابیتە شاراوەیە لە زانستی غەیبیدا نازانێت، ئەو نهێنیبوونە شاراوەترە لە نهێنیبوونی زانستی ناوەکانی و نمونەی بوونی "عەینی وجودی "، دووەم حەزرەتی گەواهیی ڕەها، جیهانەکەشی جیهانی ئایدیال/ "اعيان" نمونەکانە لە حەزرەتی زانستیی و نمونەیی جۆری، سێیەم حەزرەتی غەیبی زیادکراو، خراوەسەر نزیکترینیانە لە غەیبی ڕەها، کە ڕوی جێمەبەستی غەیبی ناوەکانە ناوگەراییە، جیهانەکەشی جێمەبەستی غەیبی ئەعیانییە. "نمونەی ئایدیالی" چوارەمیان حەزرەتی غەیبی دراوەتەپاڵ، نزیکترین لە گەواهیدەری کە جێمەبەستی دیاردەی "دیمەن"ی ناوگەراییە، جیهانەکەشی جێمەبەستی دیمەنی دیاری ئەعیانییە، پێنجەم یەکتایی: ناوە غەیبییەکان و گەواهیدەرەکان، جیهانەکەشی گەردونی

کۆیە.) (نورالدین، ٢٠١٤: ٢٦٦) ڕێکخستنی و دابەشکاری تر زۆر دەبینینەوە لە سەرچاوە عیرفانییەکاندا، بەڵام (ئەو ڕێکخستنە سەرکەوتوترینیانە لەگەڵ چێژی عیرفانی، چونکە حەزرەتەکان لە گۆشەی دەرکەوتن، ڕواڵەتی مەزهەریەی خودی و تەجەلایەتییەکانی، خۆدەرخستنەکانە باڵاییەکانی لەسەر دڵی عاریف دەبینێت.) (نورالدین، ٢٠١٤: ٢٨٥) "بێگومان مرۆڤ و گەیشتن بەو حەزرەت و پلانە، هەمووی فراوانییان لە ئاستی عەقڵ و توانای خۆڕاگریی مرۆڤ بەدەرە، هەر وەک بەسەرهاتی بورانەوە و بەهۆشهاتنەوەی پێغەمبەر "موسی" "س.خ." لەکاتی حەزی بۆ بینینی خودا، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە مرۆڤ بۆی نییە بگاتە زانیاری ئەو بابەتانە تا ڕادەیەک، چونکە وەک دواتر ڕونی دەکەینەوە بڕینی مەنزیلەکان و وەرگرتنی پلەی عارفی بە سەد پلە ئەو مرۆڤە بەرز دەکاتەوە و دەگۆڕێت کەواتە توانایەکی تایبەتی دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەر تنۆکێکی پیرۆزە لە دەریای مەزن و لەبن نەهاتووی جیهانی ڕۆحدا، کە هیچ هێز و هزرێکی زانستیی بەسەری زاڵ نابێت "ویسألونک عن الروح قل الروح من امر ربي، وما أوتيتم من العلم الا قليلا.الاسراء/85 " چەند یەکە/وەحدەتێک هەیە دەبێت جیابکرێنەوە: وەحدەی "أسماء و سیفات و یەکێتی و توانەوە فەنابوون"، واتا تیاچوون جیاوازە، ئەم حەزرەتانە لەنێوان ئاسۆی لەتیفەکانی سۆفیگەری و سەقامگیری عارفانە لە بەردەوامی ڕۆیشتنیان بەرەو خودا و گەیشتن بە پلەکانی ویلایەت ئەو باس و مەزنیەی لێکەوتە و دەرخستنی تۆکمەیی نور و گەیشتنی پێشەواکان بەو مەنزیلانە کەشفیان بۆ کراوە، کە بتوانن هەندێ بینینی تەجەلاییان بۆ دەربخرێت. ئەمەش تا ڕادەیەک دروستە، چونکە ڕاستە کەڕاماتیش نابێت باس بکرێت، بەڵام بۆ زیاتر هاندان و سەقامگیری دەرونی موریدەکان، مورشید هەندێ لەو نهێنییانە دەردەخات، ئەمەیە سەرچاوەی زانینی ئەو حەزرەتانەیە، چونکە، کە پێغەمبەرایەتی ختمی لێدراوە دڵی عاریفەکان ئامادەیی ماوە بۆ وەرگرتن و بەسەرداهاتن و بینینی تەجەلاکان بەتایبەتی لەڕێگەی خەون/ ڕوئیای چاکەوە، لەلایەکی تر بەپێی تیلنیشانکرد و ئیجتیهاد بە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرمودەی پێغەمبەر"د.خ." کە لەڕێگەی قوڵبوونەوەیەکی زیرەکانە و بیریارانە جیاکراونەتەوە، بە درێژایی ئەو مێژووەی بوونیان هەمیشە زانا و دانا و عاریفەکان لە هەوڵدا بوونە بۆ دەرخستنی ڕۆحانییەتی پاکبووەوەیان و گەیشتن بە جوانی و کەڕامەتی عارفانەی پەرستن و گەیاندنی بەهاکانی ئەو ئاشکرابوون و تەشەهوداتانەی، کە بۆیان مەیسەر دەبوو.

## ١. ٦ "ئایدیالیەتی جێگیری ڕاستەقینەی عیرفانی "و ئایدیالیەتی ئەفلاتونی:

لە هەرە باڵاترین بیرە ئەفلاتونییەکان، کە هاوڕازی بیری "سوکرات"یشە دۆزینەوەی ڕاستی ڕاستەقینەیە لە جیهانێکی باڵادا، کە ناوی نابوو جیهانی نمونەیی و ڕاستیی بەهاکان و هەرچی لە گەردون بوونی هەیە، بۆ ئەوێی دەگەڕاندەوە. هەتا دەگاتە چرکە تێگەیشتنێکی لە ئیستاتیکی دیمەن و سەرچاوەکانیش، جگە لە دۆزینەوەی سەرچاوەی دەرکەوتنی ئیلهام و دابەزینی بۆ دڵی هۆنەر و بیرمەندەکان، سەبارەت بە عیرفانیەتیش سەرچاوەی بەهای بابەتەکان دەگەڕێننەوە بۆ نمونەیەک بەڵام جێگیر (عین: چەمکەکەی لە واتای خود و حەقیقەت و کرۆک و ماهیەتەوەیە. بوونی جیهانێکی ماقوڵ، کە ڕاستیی شتەکان و نمونەکانی ماقوڵن جیهانەکەی جیهانی جێگیرییە.) (الحكيم،١٩٨١: ٨٣١) و ئەوەی لە جیهانی تر دەبینرێت، نمونە: زەمینی تەنها کۆپیەکی ئەو نمونانەی سەرەوەن، جیهانی زەمینی یەکێکە لەو جیهانانە، لە بیری "ئیبن عەرەبی"دا، کە ئەویش ئاماژەیە بۆ * فەرمودەی "كنت كنزا مخفيا" کە خوای گەورە: (پێش ئەوەی دروستکراوەکان دروستبکات لەناو یاقوتێکی سپی بووە) (خمینی،١٣٧٢: ٣١)، چونکە بەپێی ئایەتی "هو الذى خلق لكم مافى الارض جميعا ثم استوى الى السماء فسواهن" *(خوای گەورە عەرشی لەسەر ئاو بووە و کاتێ ویستی دروستکراوەکان دروستکا، دوکەڵی لە ئاو دەرهێنا کاتێ بەرزبووەتەوە سەر ئاوەکە ناونراوە ئاسمان) (الدمشقی، ١٩٩٩: ٢١٤)، کە حەوت ئاسمان هەیە و بێگومان هەریەکیان تایبەتمەندیی خۆی و مەبەستی جێگیریی خۆی هەیە، دیسانەوە (هەموو شتێک لە بووندا چوار پلەی هەیە: "بوونی ئەو شتە لە نمونەکەی خۆیدا و بوونی لە زانست و بێژەکردن و ژمارە مۆرلێدراوەکان/ رقوم. "ممكن" ئەو کاتە دەبێتە نمونە/"عين" کە خودا بوونیەتی پێدەدا) (الحكيم،١٩٨١: ٨٣٢) و (ئەمە ڕای ئەشاعیرە، بەڵام موعتەزیلە دەڵێن: مومکینەکان "عين"یان هەیە پێش ڕودانیان، واتا دەکرێ لە جیهانی دەرەکی دەرکەون، کە پێشتر بوونیان نەبووە. هەر وێنەیەک، کە هەیە نمونەی جێگیر نمونەیەتی و بوون بەرگێکە بۆی، نمونەی جێگیر پلەیەک دروست دەکات لەنێوان غەیبە ڕەهاکەی و جیهانی هەستپێکراو، ئەوە لەلایەک یەکەم دابەزینە و نیشتەجێبوونە لە نیشتەجێبوونەکانی حەق لە پلەکانی بە بوونی خۆی، ئەوە سەرڕێژی پیرۆزترینە/ فيض المقدس: کە نواندنی دەرکەوتنی حەقە بە خودی خۆی بۆخۆی لە وێنەکانی نمونە جێگیرەکاندا، لەلایەکی تر دووەم: ئایدیالی جێگیر لە زانستی عەدەم/ نیهیلیزمی خوادا لە جیهانی دەرەوەدا، کە کاریگەریی لەسەر هەموو بوونەکان هەیە، بەڵکو خۆی بنچینەی هەموو بوونەکانە.) (الحكيم،١٩٨١: ٨٣٢)". "نمونەی ئەمانە لە قورئانی پیرۆزدا: " الا له الخلق و الامر.الاعراف:٥٤" و " لله الامر من قبل ومن بعد. الروم:٤" کەواتە بە هەمان شێوەی ئایدیالی ئەفلاتونی، بەڵام ئایدیالییەتێکی لەبارو ڕاستەقینەی ڕاستیە. بەتایبەتی کاتێ بیر لە جەستەی مرۆڤ و پێکهاتەکەی جیناتەکانی دەکەینەوە و بە بابەتی "دی ئێن ئەی" هەر مرۆڤێک قوڵدەبینەوە لەلایەک جیاوازی هەموو مرۆڤێک کە خۆی خوشک براش یان بەواتایەکی تر لەیەک پشتەکان لێکچونیان 99,9% دەردەچێت، کەواتە ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ پشتی ئادەمە "س.خ." لەلایەکی ترەوە ئەو جیناتانە، کە بینراوین و تاهەتایەی نەک مرۆڤ بەڵکو بوون دەمێننەوە، چونکە بە سوتانیش نافەوتێت و بابەتی "اجداث" بە پێی "ونفخ في الصور فإذا هم من الاجداث الى ربهم ينسلون. يس:٥١" کە هەندێ بەواتای گۆڕ لێکیانداوەتەوە، بەڵام بە پێی زانستی نوێ جیناتی کەسەکەیە، چونکە هەموو مرۆڤێك گۆڕی نییە نمونەی ئەوانەی تەرمیان دەسوتێنرێت، ڕۆحی بەرزەخیان لەسەر ئەو شوێنە دەبێت تا ڕۆژی هەڵسانەوە/ قیامەت، کە بارانی خودایی دەبارێت و وەکو ڕووەک لە زەویدا شین دەبنەوە، ئەمە سەلماندنی زانستیانە و مانەوەی گەردی هەتاهەتاییە، کەواتە بەمشێوەیەیە، کە بابەتی ئایدیالیەتی جێگیر و عەینی پێغەمبەر "د.خ." ("كنت نبيا و ادم بين الماء والطين") (العفيفي،٢٠٢٣: ٦٤) پێغەمبەرایەتییەکەی دیاریکراوە پێش دروستبوونی ئادەم "س.خ." ، لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش: ئایا ئیبن عەرەبی بە بوونی "دی ئێن ئەی" زانیوە وەکو ڕونبوونەوەی زانستییانەی ئێستا؟ هەرچەندە لە قورئانی پیرۆزدا "عجب الذنب" و مانی تاهەتایی باسکراوە، کەواتە بوونی نمونەی جێگیری شتە باڵاڕۆحانییەکان یا بڵێین ڕۆح و نەفسە تایبەتییەکان لە جیهانی ئایدیالیەتی جێگیریی ڕاستەقینەی باڵادا هەبووە سەبارەت بە بوون و چارەنوسی ڕۆحەکانی تریش "کە لەم فەرمودەیەدا هاتووە "كتب الله مقادير الخلائق قبل ان يخلق السماوات والارض بخمسين الف سنة, وكان عرشة على الماء.صحيص المسلم:٢٦٥٣" پێش ٥٠ هەزار ساڵ پێش دروستکردنی ئاسمانەکان و زەمین خودا چارەنوسی هەموو دروستکراوەکانی دیاریکردووە، هەموو شتێ نوسراوە لەسەر لۆحی پارێزراو/ "لوح المحفوض" و وشکیش بووەتەوە، بە واتای کامڵیەتی زانستی خودا و دەسەڵاتی گشتگیریانەی بۆ هەموو شتێك پێش بوونی نیشان دەدات. کەواتە بوون چەسپاوە . ئەمەش وەکو نمونە

بۆ هەموو بونەوەرەکانی گەردون، چونکە (خوای گەورە، کە ویستی لەسەر بووە بەپێی ناوەجوانەکانی کە ژماردن ناتوانرێ نمونەکانی ببینێ، دەشتوانرێ بوترێ نمونەی ببینرێ لە کەونی کۆ کە هەمووی تیادا کۆبکاتەوە، چونکە وەسفە بە وجودکراوە، کە نهێنیی خۆی بەو دەردەخات بۆی: بینینی شت خۆبەخۆیی وەکو ئەوە نییە لە شتێکی تردا ببینێت خۆی لەو وێنەیەی کە شوێنگەی دیتنی پێداوە دەردەخات، کە پێشتر دەرنەخراوە نە لە شوێنی وجودی نە لە تەجەللای، خوای گەورە جیهان و هەموو بوونی پێشتر وەکو دێوێک دروستکردبوو ڕۆحی تێدانەبوو و وەکو ئاوێنەی بێ جیلوە، لە شەئنی حوکمی ئیلاهیش بووە، کە ئەو شتەی دروستی دەکات نەفخەی ڕۆحی خۆی تێدەکات و ئەو وێنە ئامادەباشی تێدا دەبێ بۆ وەرگرتنی فەیزی تەجەلا هەمیشەیی و هەرماوە و دەمێنێت شایانە و ماوە و ئەمەش فەیزی پیرۆزە. جا ئادەم "س.خ." فریشتەکان و هەمووی بەو شێوەیە لەلای جەنابی ئیلاهی و لای ڕاستی ڕاستەقینەوەیە.) (العفيفي : ٤٨-٤٩) لەهەمان کاتدا دو ئەگەر بۆ ئەو تیۆرییە هەیە: (ئەوەیە، کە ئایدیالە جێگیرەکان یا ئەو مومکیناتانەن کە بە وجود وەسفیان دەکەین و بەهەست درکیان پێدەکەین، لەحاڵی عەدەمیەتەوە بەرەو حاڵی وجود چووە، یان ئەوەن کە بواری زاتی ئیلاهین، کە زاتی تێدا دەردەکەوێت وەک چۆن وێنەی بینراو لە ئاوێنەدا دەردەکەوێت.) (ابن عربی، ١٩٦٥: ٢١٦) ڕاستە زاتی ئیلاهی و جوانی داهێنەر و بنیادی ڕۆحانی سەرچاوەی یەکەمی خێرمەندی لەو بوون و گەردونە جوانە دەردەکەوێت، لەهەمان کاتدا خۆی بەپێی "أحببت ان اعرف" خوای گەورە کە دروستی کردون مەسەلە کاتی ڕیزکردن و ڕۆح پێدان و دەرخستنی تەجەلای بۆ پنتی گەردی سەرجەم دروستکراوەکانی هەبووە، کە ناسرا دەپەرسترێ. وەک لە ئایەتی "انا کل شيء خلقنه بقدر. القمر/ ٤٩" واتا بە "مقدار" بە بڕێکی دیاریکراو جا هەرچەندێک بێت و لە هەمان کاتدا واتای "قودرەت" توانای خوای گەورە دەگەیەنێت، بۆیە (دەبینین ئیبن عەرەبی هەندێ لە تیۆرییەکانی ئەفلاتون سەبارەت بە ئایدیال و ئەڕستۆ سەبارەت بە هێز و کار و تیۆرییەکانی موعتەزیلەکان لە مەعدومیەتەکان و هەروەها تیۆرییەکەیان لە زات و سیفات لە یەک ئاستدا کۆ دەکاتەوە و لەژێر تیشکی ئەمانە هەموویان یەکێتی بوون دەردەخات، بەڵام بە شێوەی شیعر، کە زۆر وردبین دەرناکەون باس لە "نمونە" ئایدیالە جێگیرەکان دەکات و هەندێ لە تایبەتییەتیی کەسی خۆی دەخاتە سەر: نمونە دەڵێت: "خودا بوونی هەبووە و هیچ شتێکی لەگەڵ نەبووە، دواتر تەجەللای بۆ خۆی کردووە لە شێوەی ئایدیالە جێگیرەکاندا." "ئێمە تیایدا گەردونەکان بووینە و ئایدیالیەتەکان و زەمانەکان".) (ابن عربی،١٩٦٥: ٢١٦) کەواتە: جیاکردنەوەی بۆ گەردون و ئایدیال و زەمەن "کردووە. واتە کاتی دەرکەوتنیان بە پلەبەندی و ویستی خولقێنەر دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین، کە کات لای خودا و کاتی ڕوناکی جیایە لەگەڵ کاتی زەمینی ٢٤ کاژێرەکەی ئێمەی مرۆڤ پێی دەزانین، وەک لە ئایەتی "ان یوما عند ربک کألف سنة مما تعدون. الحج/٤٧" واتا ڕۆژێک لای خوای گەورە بە ٥٠ هەزارساڵە و بۆ ئەمەش بۆ ڕۆژی هەڵسانەوە/ قیامەتیش ئاماژەی بۆ کراوە.

### ١. ٧ بنەما فەلسەفییەکانی بەعارف بوون:

هەموو بنەماکانی عیرفانیەت وەکو زانیمان لەسەر فەلسەفەی بوونی ڕۆحەوە بنیادنراوە. بە هەمان شێوەش بنیادی فەلسەفی بوونە، عارفیش شوێنی خۆی کردووەتەوە، کە ئەویش هەر بابەتی بوونی ڕۆحە و چۆنییەتیی بوونی لای عاریفەکان و جیاکردنەوەی دەرون و ڕۆح لێرەدا ئەستەم دەبێت: ("جنید" وتویەتی: ڕۆح شتێکە خودا بەدەستی هێناوە لە زانستی خۆی، نابێ هیچ دەربڕینێکی بۆ بکرێت تەنها بە وشەی بوون/ موجود نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەنگ بۆ وتە و کرداری ڕاستگۆیان هەیە، هەندێ وتویانە ڕۆح واتەی ژیانداری دەدات، کە ژیانداریش سیفەتی واتا ژێنەرە، وەکو دروستکردن سیفەتی دروستکەرە. "قل الروح من أمر ربي".) (السهروردی، ٢٤٣:٢٠٠٠) هەرچەندە دوبارە هەر دەگەڕێینەوە سەر پرسیارەکە لای خودا دەمێنێتەوە، بەڵام دەکرێ بڵێین ڕۆح ئەو بەخششە زیندووە پیرۆزەیە لە تەجەلای خوداوە بۆ مرۆڤ و بوونەکانی تر دەرکەوتووەو بەخشراوەو و مرۆڤ و بوونەوەرەکانیش لە کاتی دیاریکراودا دەیسپێرنەوە بە خودا، ئەوەی کە ڕوی لە واتە دەرونییەکەیە ئەوەیە، کە بتوانێت وەها باڵا ببێت بگاتە ئاستی ژیانەوە و گەشانەوە بە پابەندبوون و بەڕەڵڵانەکردنی بۆ ناو مەینەتی شەڕانگێزی، ئەوانەش کە سالکن و بەرەو عارفی دەڕۆن پلە پلە ئەو باڵابوون و دڵنەواییە هەست پێ دەکەن.

### ١. ٨ نەخشەڕێگای گەیشتن بە حەزرەت:

نەخشەدانان بۆ هەموو شتێ پلانی تۆکمە و لەباری دەوێت نەخشەی گەیشتن بە خودا، بێگومان تۆکمەترین پڕۆگرام و پابەندبوونی هەمووەکی گشتگیری وەهای دەوێت، کە ئەو مرۆڤە تەواو بڕیار دەدات و لێی دەرناچێتەوە، بەڵام سەرباری ئەو قورسی پابەند بوون و ڕێکردنانەش ئەوا (هەر کاتێ لە وشە بگەڕێین بۆ دەربڕینی ئەو کامەڕانییەی، کە مرۆڤ پێی دەگات لە کاتی بڕینی "سیری تکاملی" کە هەستێکە بە دڵی هیچ مرۆڤێکدا نایەت و درکپێکردنێکە، کە لەگەڵیدا هەست بە چێژ و کامەڕانییەکی بێوێنە دەکات، ئەو چێژەی لە ئەنجامی هۆشداریمان بۆ جەوهەری بوون دەبێت، ئاڕاستەمان دەکات بەرەو حەقیقەتی پەیوەندی، چونکە ئەو جەوهەرە سەرچاوەی کانی هەموو کەماڵاتەکانە و بنچینەی خێر و مەعدەنییەتی، بۆیە کەسێک لە دەریای وەهمەکان نقوم بووبێت، چۆن وەسفی ئەو چێژەی پێدەکرێت و ئایا لە توانای کەسێکدایە کە غافڵ بێت لەو حەقیقەتە و لە مانای ئەوە تێبگات؟) (نورالدين،٢٠١٤: ٣٧)، لە هەمان کاتدا: (دڵخۆشی واتا ئەو خۆشیی گەشانەوەی لە گەیشتن بە حەزرەت /حزور هەستی پێدەکەین و ناتوانین دەریببڕین، بەری درکپێکردنی کامڵبوونە، پەیوەندیی خودی زانا بە کامڵبوون ئەوەیە کە ئەو جۆرە خۆشییە دەبەخشێت.) (نورالدين،٢٠١٤: ٤٢) ئەمە کاتێ کە ئەو سالکە گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی، کە بتوانێت بەردەوامیەتی بدات بە بەهای دەرگاکانی کە پێیدا دەڕوات، چونکە ئەو دەرگایانە ڕاستە فەلسەفەی ڕۆحانیەت و ئیلاهییەتە بەمە هەنگاو بۆ باڵایی دەنێت، خودا کۆششەکانی دەبینێت لە هەمان کاتدا (بوونی مرۆڤ بوونێکی بە حەقە ڕاستەقینەییە، خودا هیچ شتێکی دروست نەکردووە بە حەق نەبێت، سێبەرت بە بوونی ڕۆژ بەردەوام دەبێت، ئەوە مەعریفەتێکی دەستپاکانەیەو کراوەتە بەڵگەیەک تا بڕوای پێبکەیت، ڕۆژ لێت دور دەکەوێتەوە و هەرچەندە لێت دوردەکەوێتەوە ئاگادارت دەکاتەوە، کە تۆ وەکو ئەو نیت و ئەو وەک تۆ نییە. هەتا وات لێدەکات پەردەپۆش دەبیت لە بینینی، ئەوەش تەنزیهی ڕەهایە، کە بۆ زاتی حەق دەبێت، لە فەرمودەی پێغەمبەر "د.خ."دا هاتووە "شرقوا ولاتغربوا"بەڵگەی ڕۆژهەڵاتن بە هێزترە.) (ابن عربي،٢٠١١: ١٢١-١٢٢). کەواتە ئەمەشە تاهەتایەی ژیانی عارف و بگرە هەتا لە دوایش و لە فیردەوسیش بێت هەموو کۆدێک بۆ کەس ئاشکرا نابێت.

زاناکان چوار گەشتەکەی گەیشتن بە خودا دیاری دەکەن:

(یەکەم: ڕۆیشتن بەرەو ""سیری خودا لە ماڵەکانی "نفس" ڕۆحەوە و گەیشتن بە ئاسۆی ڕون. لێرەدا ئەرکە لەسەر مرۆڤ فۆڕمی دەرەکی و ماددی بەجێبهێڵێت و بەرەو ناوەکیی مەعنەوی دەڕوات کە لەناو خۆیدا هەڵگیراوە.


Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp225-242

دووەم: ڕۆیشتن بەرەو خودا بە خۆبەستنەوەی بە سیفاتەکانیەوە و پەیوەستبوون بە ناوەکانیەوە و گەیشتن بە ئاسۆی باڵا، کە کۆتایی گەیشتن بە حەزرەتی" ئامادەیی" خوای تاکانەییە.

سێیەم: بەرزبوونەوە بۆ "عين الجمع"/ حەزرەتی خوای تاکانەییە، کە لای ئەوان ناونراوە "" قاب قوسين " ناو دوکەوانە". کاتێ شەوڕۆ وەها بە پێغەمبەر""د.خ. وترا لە قورئاندا" فكان قاب قوسين او ادنى.النجم/9"..

چوارەم: شوێنگە/"مقام"ی مانەوە/بقاء بە هۆی خودا دوای لەناوچوون لەناو ئەودا "فەنافیللا") (نون،٢٠١٤ :٦٧) کەواتە ئەو هەنگاوانە و بڕینی ئەو پلانە بەهێزی باوەڕپێهێنانەوە ڕزگاربوون و ژیانەوەیە بۆ هەموو مرۆڤێک بە تایبەت سالکەکان، بۆیە کە بەهای ئەو هەنگاوانەی زانی و ئارامی بەدەست هێنا، ئەوا ئاسودەییەکەی بە شێوەیەک دەبێت، کە وەکو ئەوەیە لە کەشتێکی ناوازە و ڕووەو خودا بێت، ئەوانەی کە بە کەشتییە واقیعیەکانەوە بەرەو ئاسمان دەچن هەست بە تەنگی دەرونی و هەناسەدان دەکەن، تەنها لە کاتی بەرزبوونەوە گەشتی ڕۆحانی بە پێچەوانەوە بەرەو ئارامی و سەقامگیری دەڕوات.

(یەکانگیری لەنێوان سالک و جیهانەکان لەسەر بینین و بینراو ناوەستێ، بەڵکو کارلێککردن و تەواوکارییە، بۆیە بۆ هەر مرۆڤێک ڕێگایەکی تایبەت بە خۆی هەیە، بەپێی ئەوەی بە دەستی دەهێنێت لەو جیهانانەدا هەموو سالکێک بەدەستی خۆی پلاتفۆڕمی بەرزبوونەوەی دروست دەکات لە جیهانێکەوە بۆ یەکی تر، ئەوە یەکێک لە واتەکانی "ڕێگاکان بەرەو خودا بەپێی هەناسەی مرۆڤەکانە، کە هێڵی زۆر لەسەر ڕێگای ڕاست "صراط المستقيم" دروست دەکەن وشەریعەش یەکە. باوەڕهێنان بە بوونی دو جیهان مەرجی بنچینەییە.)(نورالدین،٢٠١٤: ٢٥١-٢٥٢).ئەم هێڵکارییە دەرخەری سەد مەنزڵەکەی عیرفانییەتە کە لە دە بەش و دەرگاوە سالك بۆ ڕێگای کاروانی عیرفانییەتی دەیگرێتەبەر و لەکۆتاییدا دەبێتە عارف. بە پێی (منازل السائرين)لە نوسینی"الهروي"، کە ( مەنازیلەکانی عیرفانییەت بە سەد دانە دادەنێت. ئەمەش دەبێتە نمونەی پلاتفۆڕمی گشتی هەر سالكێك) ( الهروي، ١٩٨٨: ١١-١٠٠) :




**١. ٩ سەرچاوەی عیرفان لای نەتەوەی کورد:**

کورد نەتەوەیەکە لەڕوی ئاینییەوە بە یەکتاپەرستی هاتووە و ناسراوە و لەگەڵ ئایینی ئیسلامیشدا، کە خۆی یەکتاییە، بۆ گەڕان و سەرچاوەی بنەڕەتی عیرفان لێکۆڵەران (پەیدابوونی عیرفانی ئیسلامی دەبەنەوە سەر عارفە مسوڵمانەکان، دەڵێن پشتیان بە دەقی قورئانی بەستووە بۆ سنورداركردنی چوارچێوەی سەیروسلوک) (نون،٢٠١٤: ٤٤)، بێگومان، کە باس لە دەقی قورئان دەکەین فەرمودەکانی پێغەمبەریش "د.خ." و عاریفە باڵاکانیش دەگرێتەوە، لە کاتێکدا (هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان پێیانوایە، کە عیرفانی ئیسلامی لە دەرەوە هاتووەتە ناو جیهانی ئیسلامییەوە و دەیگەڕێننەوە بۆ مەسیحیەت لە ئەنجامی پەیوەندیی نێوان ڕەبەنە مەسیحییەکان و مسوڵمانەکان، یان دەیگەڕێننەوە بۆ تەزووە ئێرانییەکان، یان لە پەرەسەندنی فەلسەفەی ئەفلاتونی نوێوە، کە ئەوانیش ئاوێتەی بیری ئەڕستۆ و ئەفلاتون و فساغۆرس بن، یان لە زەردەشتییەکان یان هندییەکان.) (نون،٢٠١٤: ٤٤ -٤٥) هەروەها (تیۆری تر هەیە، پێیوایە، کە عیرفان بنچینە یەکەمینییەکانی هەر لە ئیسلامەوە وەرگرتووە و عاریفەکانیش بنچینە و یاسا و ڕێککاری یان بۆ ئەو حاڵەتە داناوە، لەگەڵ ئەوەشدا سودیان لە پەرەسەندن و "تحولات"ی دەرەکیش وەرگرتووە، ئەزمونی میللەتانی تر کاتێ کە لەگەڵ بنچینەکاندا دژ نەبن.) (نون،٢٠١٤: ٤٥) لێرەدا تا بگەینە ڕای دروست، دەتوانین هەر خۆشمان بڕیار بدەین دوای ئەم زانیارییانە:

١.مەنزیلەکانی سەیروسلوک، کە سەد دانەن هەر هەموویان لە قورئانی پیرۆزەوە ئاماژەیان بۆ کراوە واتا بەڵگەی ئایەتی قورئانییان هێناوەتەوە و لەپاڵ ئەوانەدا بەش و لقەکان، دەرگاکان دامەزراون، ئەمە ڕاستییەکی ئاشکرایە، کە لە مەنزیلەکان بەوردی دەریدەخەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوونی کاریگەریی ئایا چ بەهۆی عاریفەکان و ناسینیان و دەوروبەرەوە بوویێت ئەوا کاریگەریی ئەگەر لەسەر هەبووبێ: بۆ نمونە ئەفلاتونی بێت ئەوا لە ئایدیالییەت و ڕاستی دۆزینەوەیە، ڕەبەنە مەسیحییەکان بوویێت بڕوایان بە خودا/ الله هەیە، سەبارەت بە زەردەشت، کە موعجیزەی نوری هەبووە وەکو سەرەتای دەرکەوتنی و سەرچاوە پشت ڕاستی دەکەنەوە یەکتاپەرست بووە.٢. کەواتە هەمووی سەرچاوەی عیرفان و بنچینەیان خودایە. تەنها "سەبارەت بە هیندییەکان، کە زیاتر پەرستگا و بت و جادو و نهێنییەکان ڕۆڵیان هەبووە" ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر بۆ ئەو بابەتەی سود بینینە و جۆری دووەمی عیرفانی مۆدێرندا "تیۆسۆفیا" سودی لە هەموو عیرفانیەتە ناوبراوەکان وەرگرتووە بۆ دامەزراندنی جۆرێکی نوێ لە عیرفانیەت لە ڕۆژئاوا، بەڵام سەرچاوەکەی بە خواوەندی جیا لە "الله" دادەنێن و زیاتر بڕوایان بە نهێنی و کلیلی شاراوەی بیرەکانیان هەیە و مەیلی شەڕانگێزی و بوونی مرۆڤ بە سەرچاوەی یەکەم دادەنێن. هەر چۆنێك بێت بنچینەی "عیرفانی ئیسلامی" گرینگ و جیاوازییەکەی ئەوەیە کە خێرمەندییە و سەرچاوەکەی ڕاستیی ڕاستەقینەیە.

٣. ئینجا سەبارەت بە نەتەوەی کوردی خۆمان عیرفانێکی مسوڵمانانەیە، چونکە عاریفەکان زیاتر لە ئەهلی "سوفە و موریدی شێخ وپەروەردەبووانی ناو حوجرەی مزگەوت و شاعیران و زاناو ئەدیبان" بوونە، بەڵگەی ئەوەش مەولەوی کە عیرفانیەتەکەی بنچینە و سەرچاوەگرتو لە ئایین و قورئانی پیرۆز و ئیجتهاداتی خۆیەتی، کە دواتر لە پراکتیکدا ئاماژەی بۆ دەکەین، عاریفانی کورد هەموو سەرچاوەی گەیشتن و سلوکیان لە خوداوە بووە، کە خێرمەندی دەرکەوتون بە مەولەویشەوە هەرگیز لەناو کورد عارفێکی بەناوبانگ نەبووە، کە سەرچاوەی بەعارفبوونی شەڕانگێزی بوویێت و

بە جادو و پەرستگای تاریک و نهێنی نێگەتیف ناسرابووبن و کاری شەڕانگێزییان کردبێت بە ناسنامەی عارفیەتیانەوە، (شیعری کلاسیکی کوردی هەر لە سەرەتاوە بە بۆن و بەرامەیەکی سۆفیانەوە هاتە ناو گۆڕەپانی ئەدەبیاتی کوردی و هاوشێوەی شیعری فارسی و عەرەبی لەو سەردەمەدا زۆرترین مۆتیڤ و بنەماکانی ئەو بزاڤەی ئاوێتەی چنینەکانی خۆی کرد، هەر لە باباتاهیرەوە بگرە وەک دەسپێک و تا دەگاتە سەرەتاکانی قوتابخانەی شیعری کرمانجی ژورو و دواتریش، ئەو بنەمایەی تەسەوف و عیرفان بووە مۆرکێکی چەسپاو لەناو شیعری کوردیدا.) (ئەحمەد، ٢٠١٧: ١٢) کۆمەڵێ شاعیری بلیمەت لە بواری خواناسی و گرتنەبەری ڕێچکەی عیرفانیەت شوێنی خۆیان لە لوتکەی ئەو جۆرە ئەدەبیاتە ڕاگرتووە، بە جۆرێ کە، بەدواداچوونی بۆ بکرێ لە زۆر بواری تێبەربوونی کاملیان بە مەنزیلەکان و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبیاتەکەیاندا ، لە زانستی فەرمودەدا و لە زانستە ڕۆحانییەکانیان شان لە شانی ئەدەبیاتی گشتی ناوچەکە دەدات ئەگەر نەڵێین بە پێشیان کەوتووە.

## ٢.پراکتیککردنی نمونەی شیعری عیرفانی مەولەوی:

### ١.٢. ئایا مەولەوی عارف بووە؟ مەرجی گەیشتنە حەقیقەت و بوونە عارف لای مەولەوی:

کاتێ بەوردی سەیری بەرهەمەکانی مەولەوی دەکەین بەتایبەتی "عەقیدەی مەرزیە" و ئەگەر لێ وردبووەوەش شارەزایمان لە مەنزیلەکانی عیرفانیەت هەبێت، بلیمەتی عارفیەتی مەولەوی دەبینین. نەک هەر عارفبوونی بۆ بسەلمێت، بە جۆرێک دەتوانرێت سەرجەم مەنزیلەکان لە شیعرەکانیدا بدۆزرێتەوە هەتا مەنزیلەی تریش، هۆکاری ئەمەش و لەڕێگەی لێکدانەوەی مودەریس (کە دڵ بە پەیڕەوکردنی زاهیری شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام نورانی بوو، پەردەی تاریکی گوناهی لێ لادرا، باتینی شەریعەت دێ بە پیریەوە؛ چونکە تا دڵ پاک نەبێتەوە حەقیقەت ڕوی تێ ناکا، هەر ئەو حەقیقەتە پێی دەڵێ: ئەم هەموو نیزاع و بەیەکاهاتن و ئیسپات و ڕەددە هەموو لەوەوە پەیدا بووە کە دڵ خەریکی کاروباری زاهیری و ئەسبابە بیناوەکان بووە.) (مودەریس،١٣٨٥: ٦٨٧) ئەم پەیڕەوکردنە هۆکاری ئەو دەوڵەمەندییەی بووە لە مەنزیلەکاندا، هەروەها مەرجی بوونە عارفیش بێگومان دڵپاکی و جێگیریە لەسەر بەرنامەی ڕەوتی عاریفانە، کە ئەمانەش لە شاعیردا بینراوە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ئەو موبتەلا بووە بە تاقیکردنەوە هەرە سەختەکانی ژیان کە ڕوبەڕوی مرۆڤێک ببێتەوە لەلایەکی تر، ئینجا تێکەڵبوونی دڵێکی پاکبووەوە و جێگیر و دوبارە پاکبوونەوەی بەو موبتەلایانە و بینینی هێز و دەسەڵاتی باڵای خودا بەسەریەوە لە جەرگسوتان، ماڵسوتان و دڵسوتاندا دەبێ چ عارفێکی لێ دەربچێت؟ وەڵامەکەی یا بڵێین هەندێ لە وەڵامەکەی لە نمونەی شیعرەکانیدا دەدۆزینەوە و هەر دەمێنێت، واتە مەنگی و ناوازەیی لێهاتووانەی داڕشتنی شیعرەکان و هێنانەوەی بەڵگەکان چەندین واتای دیار و شاراوە و شاراوەتر لە شاراوەیی لەخۆدەگرن، کە مەگەر بلیمەتێکی تری وەکو خۆی کە "مودەریس"ە ئەو ئەرکە پیرۆز و گەورەیەی گرتووەتە دەست و لێکدانەوەی دور و نزیکی بۆ کردون، هەتا لە دەرخستنی ژیان و کەسێتی و بیری ئاینی و تەسەوفی پێش عیرفانیەتەکەشیدا.

### ٢.٢. نمونەی کارمای عیرفانی پۆزەتیف لە بنێ لەتیفەکانی شیعری سۆفیانەو عیرفانییانەی نوردا : ١.قەسیدەی"ئاماوە وەهار"

ئاماوە وەهـار، وەهـاری شـــادی بۆی عەتری نەســــــــــیم غۆنچەی ئازادی

خێڵــخانەی خەفەت بــــــارەنیـش کـەردەن مەینەت ڕوو نـــیان وەمـــــــــاوای مەردەن

خەم وێنـەی کەمـــان قـــــامەت خەم بییەن هەوارگەی قەدیــــــــــم نە دەســش شــییەن

بەزمی شـەوق و عەیـش نە دەروون جەمەن ئانە هیــــــــــچ نەبۆ نە دەروون، خەمـــــەن

ئێنە نەتیـجەی دیـای بــــــاڵای تــۆن نیشانەی ویســـــــــــــاڵ خاڵی ئاڵای تۆن

سروری نەشئەی بادەی وەســـــــــڵی تۆن تەئســــــیری بۆی عەتر موشکی زوڵفی تۆن

سا پێم دەر،دەی دەی پەی پەی، نەو مەی مەی لەتایف مەردەم یەکسەر بکەر حــــەی

تا پـــەی یارانیچ وە ئیتـــمنان بـــــــــــۆ سەرمایی نیشات دڵ حــــــــــــــەزینان بۆ( مودەریس،١٣٨٩: ٦٦- ٦٨) گوزەرکردنێکی عیرفانیانە لەو قەسیدەیەدا دۆزینەوەی مەنزڵەکانە. نمونە: شەوق، سرور، وەسڵ" نەشئەی بادە: کە بۆ مەنزڵەی سەرخۆشی / سەکر"دەگەڕێتەوە، ئێتمئنان، حزن، کە هەرهەموویان دەسلەملانێ بۆ نیشاندانی مەبەستێك، کە ئەویش گەیشتن و ڕێگا واڵا کردنە بۆ بەدەستهێنانی نوری خودا و بۆ شیکردنەوەی پێتی مەقسەدی ئەو قەسیدەیە واتا دیاریکردنی:"بیت القصید" سەرەتا لێکدانەوەی دێری شەشەم دەهێنمە ناو باس و لەوێوە بەرەو سەرەتاو کۆتایی دەچینەوە: ( لەو شەڕابەم بدەرێ لەتایف: لە عورفی "صوفیە"دا بە پێنج شوێن ئەڵێن، کە لە سنگی ئادەمیزاددا نوری خوایان بەسەر دادێ. ئەو پێنج شوێنە :"قەلب" و "ڕۆح" و "سیر"و"خەفی"و" ئەخفا"ن. جا مەولەوی لێرەدا ئەڵێ : ئەو پێنج لەتیفەی منە لە ئەنجامی دوری و بێ مەیلی یارا مردون، سادەی پەی دەر پەی لەو مەیەم بدەرێ، با ئەو پێنج لەتیفەیەم زیندو ببنەوە.) ( مودەریس،١٣٨٩: ٦٧-٦٨) ئەو قەسیدەیە لەگەڵ ئەوەی ناسك و لیریکی دەردەکەوێ، کە بەسەریدا گوزەردەکەینەوە پێویست دەکات بچینەوە ناو ئەو پێنج لەتیفانە:

#### لە دێری یەکەمدا: "قەلب":

شاعیر دەڵێت: بەهار هاتەوە بەهاری شادییە، کامەڕانی هێناوەتەوە بە عەتری نەسیم و خونچەی ئازادی، کەواتە لێرەدا دڵ وەکو بەهارە، شادە، بەهاری تەمەنی لێ داهاتووەتەوە. بۆی عەتر، شنەی شەماڵ ، پشکوتنی ئازادی و خونچەی لەدڵیدا چەکەرەی کردووە. ڕاستە لەدوای ئەوەدا باس لە مردن دەکات بەڵام دڵی سۆفی و عاریفەکان لە پێش مردندا شادن بەهاتنی ئەجەل و ئامادەباشیان هەیە بۆ لیقای خودا. کەواتە نوری یەکەم یا لەتیفەی یەکەم ئەو نورەیە بەهاری شادی بەسەر دڵیدا هێناوە. هەروەك"اللهم أجعل القران ربيع قلبي ونور صدري " دوعای پێغەمبەر"د.خ." بەهاریەتی کامەڕانی دڵی خواناسەکان" کە بەبوونیان لەناو زیندانیشدا دڵشاد بوونە"، جگە لە نمونەی باوەڕدارێك، کە دەڵێت:" دوژمنەکانم گەر بە ئاسودەیی ناخی دڵی منیان بزانیبا، دڵیان دەردەهێنام". هەروەها ( وەکو ئایەتی "في بيوت أذن الله ان ترفع ويذكر فيها اسمه.النور/٣٦" دڵی باوەڕدارانیش شوێنی ئەو نورەیە.) (الغزالی،١٩٨٦: ٤٩ ). کەواتە دڵ ،حوجرە و بەهار و ڕۆشنبوونەتەوە بە نوری خودا.

#### لە دێری دووەم دا:"ڕۆح":

زۆر لێزانانە ئەگەر هەر خۆشی بەتەواوەتی ئەوە مەبەستی بووبێت، لە دێری دووەمە دێتە سەرباسی ڕۆح، ( مەینەت ڕوی کردووەتە جێگای مردن و ئەمرێ.) ( مودەریس، ١٣٨٩: ٦٨ ) شاعیردەڵێت: جەستەی، کە وەکو خێڵ خانەی خەفەت شوبهاندووە. باری پێچاوەتەوە، میحنەتی مردن ڕوی تێکردووە. لێرە ناکۆك نابێت لەگەڵ دێری یەکەمدا، ڕاستە دڵی بە لیقای خودا خۆشە بەڵام ئازاری مردن "سکرات الموت " هەیە، کە مرۆڤ توانای پێداناشکێت، هەتا پێغەمبەر "د.خ" ئارەقی کردووەتەوەو وتویەتی: (خوایە لەسەر من و ئومەتم ئاسانی بکە ).

**لە دێری سێیەم دا:" سیر" ڕێکردن:**

ناوەندگیری لە نێوان هەردو دێری یەکەم و دووەم دا، " قەلب و ڕۆح ". (باڵا ی خەم وەك کەمان چەمیوەتەوە، هەوارگەی کۆنی، کە دڵی منە لە دەستی چووە.)( مودەریس،١٣٨٩: ٦٨). لێرەدا جەستەی /دڵی لە دەست چووە و بەرەو مردن دەچێت. ڕاستە لە دێری یەکەمدا باسی دڵێکی شادی کردووە، وەسفێکی بەهارییە، لە دێری دووەم دا: ڕۆح کێشان. لە دێری سێیەم دا تەواو چەمیوەتەوەو جەستەی دڵی لێ کردووە و مردنە. "هەوارگەی کۆن" جەستە تەواو بێ دڵە، ڕۆحی لێ دەرچووە. بە بارگەی کۆن وەسفێکی جوانی کردووە. نمونەی شیعری "پێشانی" کە لە سێ شیعری تری شاعیر ئەو باسەی لێکچواندنی کووڕبوونەوەکەی بە کەمان هەیە، دەڵێت : "پشتم بووەتە کەوان واتا مەودای گوناهکردن و بینینی خراپەم نەماوە لە ترسی خودا چەمیوەتەوە."

**لە دێری چوارەم دا:**

.بەزمی کەیف و ڕابواردن، لە دڵا کۆبوتەوە ئەوەی کە بە هیچ جۆرێ لە دڵا نەبێ. یا بە هیچ نەژمێردرێ تیایا خەم و خەفەتە؟ دەتوانین لێرەدا نهێنی ئەو باسە دەرخەین ڕۆحی لەبەر هەڵکێشرا، کەوتە مەودایەکی "مؤقت"ی بە دەوری بەرزەخ /مردن. کەواتە ڕۆح بە جارێ ڕزگاری بوو. پرسیارو وەها لێکدانەوە گونجاوە, چونکە شاعیرێکی وەها نەبووە لە دێرێ بڵێ خەفەت بارم و پشتم شکا و لە دێری دوای ئەو بڵێ شادمانیم ئەژمار ناکرێ. کەواتە دیسانەوە شادمانەوە. ڕۆح دەرچوو "یا أيتها النفس المطمئنة:٢٧ ارجعي الى ربكِ راضية مرضية:٢٨ فأدخلي في عبادي:٢٩ وأدخلي جنتي٣٠./الفجر" ئەگەر ڕای وابێ و پێی وترابێ کتێبی لە باڵاکان/علیین ە،کەواتە ئەوە ئەژمار ناکرێ و تەواو بەزمی خۆشی دڵ و ڕۆحی ئاسودەو دڵنیاکردووە. ئەوەی نەیما خەم و خەفەتە. هەرچەندە لاکردنەوە لە یارانی دونیا دەمێنێتەوە.

**لە دێری پێنجەم دا"خەفی":**

لەم دێرەدا( ئەو هەموو بەزم و خۆشییە /دینی ئالا: واتا ڕەنگاوڕەنگی، لێرەدا مەبەستی جوانە.)(مودەریس، 1389: 67 )


لە ڕوی زانستییەوە مرۆڤ کە ڕۆحی دەردەچێت، کە دەمرێ ڕۆح بەرەو باڵایی و ئاسمانەکان دەبردرێت، لە بەرزایی دەبێت. زۆر سەرچاوەی زانستی هەن باسی ئەو حاڵەتە دەکەن کە لە باسی ئەو کەسانەی، کە بەرەو مردن دەچن دواتر دەژێنەوە، جا ئەوە ڕاستی بێت یا خەون بینینیان بێت،گرینگ هەمووگێڕانەوەکان لەیەکدەچن " یان زۆرجار دڵ و مێشك بەیەکەوە نامرن"، واتا یەك وەسف، کە شوێنێکی ڕەنگاوڕەنگ و ڕۆناك یا بۆنخۆش یاگوێ یان لە ئاوازەی خۆش دەبێت. یان زۆرجار بیستراوە، کە لەسەرەمەرگ وتوویانە جادوگەر دەبینین یان مار واتا ئەوە دژ بەوەی باسمانکرد هەرچەندە ئەوە پەیوەستە بە چرکەساتی مردنەکە لە دین دا هەیە: کە فریشتەکانی "منکرونکیر"دێن و بەپێی باوەڕی کەسەکە جوان یان ناحەز خۆیان نیشان دەدەن، هەرچەند وەسف و زانیاری لەو بارەیەوە باسکرێ هەر دێینەوە سەر: "ویسئلونك عن الروح قل الروح من امر ربي.الاسراء/٨٥." بەڵام ئەوەی باسکراوە ناوچەیەکی ڕۆناکەی پڕفریشتەی بەرێکردنی ڕۆحە، کەواتە ڕۆحی مرۆڤ کە پاك بێ و بەرەو "علیین"بڕوات، فریشتەکان لەوێ بەو پەڕی ڕێزەوە دەیگەیەنن.

**لە دێری شەشەمدا:"ئەخفا":**

خۆش و نەشە، زوڵفی ڕەش بۆن خۆش وەك موشکی خوتەن.)( مودەریس، ١٣٨٩: ٦٧ ) لێرەدا دەکرێ بە ئەخفا لێکبدرێتەوە، چونکە سرور لەسەرو خۆشییە، نەشئە پلەی ئەوپەڕی هەستکردنی ڕۆحە بە باڵایی و ڕزگاربوون و دڵنیایی، گەیشتن بە مەعشوقی حەقیقی، کە خودایە. زۆر جار بیستراوە لە شیعردا کە باس لە زاتی خوا دەکرێ،

"ئەگەر دەربڕینەکەم گونجاو بێت" باس لەوپەڕی جوانی سیفاتی دەکرێ، کەواتە لێرەدا لە شاردراوە شاردراوەتر تیل نیشان بۆ جوانی و بینینی دەکات. سیفەتەکەش لەوچووە وەکو موشکی خوتەنە. کەواتە ڕۆح گەیشتە ئەخفا. گەیشتە شوێنی مەبەست. گەیشتە ئەوەی نهێنی شاراوەتر لە شاراوە هەست پێ بکا بگاتە دڵشادی و دڵنەوایی، ونەشئەو بەدەست بهێنێت. بە مەست بگات کە نوری خودایە. لەهەر هەموویان و هەریەك بە ئاستێ بە جۆرێ بەمەرامی دیار. ئەگەر ئەوانە بکەینە دەربڕی پێنج عورفە لەتیفەی نوربەخشی سۆفیەت، کەواتە ( نوری هەموو شتەکان سەرەتا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، گەورەیی بۆ ئەو /سبحانە/ وەکو ڕۆناکیە درکپێکراوەکان نییە.) (الغزالي،١٩٦٨: ٤٧ ) لێرەدا ئەو هێلکارییە دەردەخەین کە نیشاندەری ئایەتی نورە:

1/ Divine Light Diagram:





Abdulmajed( 109:  2023

**لە دێری کۆتاییدا :حەفتەم :**

( جا مەولەوی لێرەدا ئەڵێ: ئەو لەتیفەی منە لە ئەنجامی دوری و بێ مەیلی یارا مردون، سادەی پەی دەر پەی لەو مەیەم بدەرێ، با ئەو پێنج لەتیفەم زیندو بنەوە.) (مودەریس،١٣٨٩: ٦٨) دوای زیندوبوونەوەکەش ( واتا بنە هۆی متمانە کردنی دڵی یارانی تریش، ئینجا بە سەر مایەی خۆشی دڵی خەفەتباران.) (مودەریس، ١٣٨٩: ٦٨ ). کەواتە هەستی بە هەر پێنج قۆناغە نورینییەکە کردووە، "دڵ و ڕۆح دەرچوون، سرور، نەشئەو بۆنی خۆشی زوڵف. " جا ئەوە بەهەست بووبێ /تەشەهود وسەیر"چوون بەرەو، بەخەو بووبێ، بە ڕۆیشتن بەرەو مەرگ بووبێت. شاعیر وێنایەکی لەوپەڕی جوانی ئەو قۆناغانەی کێشاوە، کە بتوانێت لەو دژیەك و پێچەوانە

بوونەوە واتا لەمردنەوە بۆژیان و بۆ ژیانی ڕۆحانی تر، لە ژیانەوەی ڕۆحەوە بۆهاتنەوەی بۆ ناو جەستە، بەندبوونەوەی ڕۆح لەناو جەستە بەڵام بە ئارامی و شادمانی.
شاعیر مەیگێر دەدوێنێت:" ئەی پەی دەر پەی " پێکێکم بەرێ، ئەوە لە ڕۆحانییەتی دیندا هەیە، کە خوای گەورە لە بەهەشت مەی بداتە بەهەشتییەکان "وسقاهم ربهم شرابا طهورا.الانسان/٢١"بەکاسەی تایبەتی خۆی. مەست دەبن و تا هەتایە هەست بەناخۆشی و ئازارو سەرئێشەو تینویەتی و خەواڵویی ناکەنەوە، هەروەها کاسی دەستی موبارەکی پێغەمبەریش "د.خ." لەسەر حەوزی کەوسەر،"حوضي مسيرة شهر، ماؤه ابيض من اللبن، وريحه اطيب من المسك، وكيزانه كنجوم السماء، من شرب منها فلا يظمأ: البخاري ومسلم." کە ئاوی کەوسەر دەداتە بەهەشتییەکان. وەکو مەیەو ئەویش خۆشنشودی مەستبوون و ئارامبوونەوەی هەتاهەتایی هەیە.
دڵ و جەستەو ڕۆح و خۆشی و جوانی زاتی خودا.. هەمووی بەسەریەکەوە ئەو نورانە ڕۆناکیان دەدەنەوە یەکتری هەروەك لە "رسالة المشكاة"دا هاتووە، "چونکە لەو لەتیفانە نوری ڕاستەوخۆ بەردەکەوێ، کە ڕۆناکی تایبەتتر دەدەنەوە جیایە لەوەی ڕاستەوخۆ نەبێت." قۆناغ بە قۆناغ جوانی و نەشئەی بینین و وەرگرتنی ئەو ڕۆناکیانە مەست و دڵشاد و دور لە خەفەتیان ڕادەگرێت. ئەوە سەبارەت بە دەربڕینی لەتایفەکانم مردون. چۆن زیندودەبنەوە؟ کاتێ بە قۆناغەکان ڕەت دەبێ دەگاتە خاڵی مەی وەرگرتن بەمەش زیندو دەبنەوە، بە نوری ئەخفا و هاوارو بانگێشت زیندو بوونەوەیان لە ڕێگەی وشەی "حەی" دەردەخەن. ئەو هاوارکردنەی "حەی" وشەکە دەتوانین وەکو ڕەگەزدۆزی تەواو جاریێ واتای "الحي" یەکێکە لە "أسماء الله الحسنى"، دووەم: واتا هەمان وشە دەروێشەکان و عاریفەکان لە هەڵقەی زیکر یا موناجات و شوغلە و تەنهاییش بەکاری دەهێنن، سێیەم: واتە "حەی" واتە زیندویەتی هاواری زیندوبوونەوە، کە دوای بەرکەوتنی نورو وەرگرتنی مەی خودایی بووە. کەواتە یەکەمجار ئامادە باشی دڵ و جەستەو ڕۆح سیری خەفی، ئینجا بۆ ئەخفا و گەیشتنە خوداو وەرگرتنی کاسەی مەی.
دێنەوە سەرباسی یاران (وە ئێمینان بۆ )تیل نیشان بۆ ئایەتی" يا ايتها النفس المطمئنة" کەواتە شاعیر دەگاتە لیقای خودا. چونکە ئەو ئایەتە مەبەستی ئەوەیە، کە ڕۆح بەرزدەکرێتەوە خودای گەورە وای پێ دەڵێت و دڵنیای دەکاتەوە. شاعیر دەڵێت: کە گەیشتمە ئەوێ وامپێوتراو دڵنیابوومەوە و دڵنیایی تەواوم پێ بەخشرا، ئێستا ماوە بۆ یارانی تر ( سەرمایەی نیشات دڵ حەزینان بۆ ) نور و لای خوداو بەسەرهاتی من بۆیان ببێتە سەرمایە، کە بەنرخترین شتە بۆ دڵی خەفەتباران، یارانی ترم وەك لە " کتێبی"الروح" ی "ابن قيم الجوزي" ئەوە هاتووە، لە کاتی مردندا، کە مردووەکان بەهەشتی بن و بەو قۆناغانە تێپەڕن لە جیهانی بەرزەخ دا یەکتر دەبیننەوە. ئەگەر هەمان ئاستی باوەڕداریان هەبێت پرسیار لە یارانی تری بەجێ ماو لە ژیانی دونیا دەکەن، کە چۆنن، واتە دڵنیایان دەکەینەوە کە ئەگەر هەروا لە ژیاندا بن واتە بۆ ئەوانە هێشتا ئومێد هەیە لە بەرزەخ بیانبیننەوە، چونکە ئەگەر باوەڕدارییان بەو ئاستە نەبێت واتا باوەڕدارنەبن لەو بازنەیەی ئەوان نابینرێن. کەواتە نەفسی دڵنیا" موتمەئینە" ی من و وەرن ئێوەش بەرەو ڕۆح بەرەو کاسەی مەی خودایی و دڵنەوایی مەکان و جوانی باڵایی خودا و مەنزڵگای یەکتاپەرستانەی ئیلاهی.
**هێلکاری "پێنج لەتایفی نور": "ئێوانی ئایەتی نورو لەتایفی نور":**




**٢. نمونەی شیعری "یا شێخ هەرگاوان":**

یا شێخ، هەرگاوان مەیلـــــــــەکەی لەیـلێ — سەر بە ســـــــــەر وەگیان هەرزانە خەیلێ
جۆشی کوورەی مەیل دڵ ستـــانییەن — دەواش هــــــــەوای فەرد زمســــــــــتانییەن
ئۆسای بلووربەند پەنجەرەی کـــــــاوان — ئاینە ســـــــازیش وست ئەو شـــــــەتاوان
وەروێ بەرد ئەوبەســت گرد گوزەرگایێ — دووی ئازیـــــــــــزشـــەن دڵ ئاهـــەرایێ
های نە، دڵ لوا و ئامــــــــــاش پەی نییەن — مەکیانەش پەی چێش نەســـــــیم کۆ شییەن
نەسیم پەنجەی پات ئەر ســــــەردی کێشان — بدارەش نە تــــــــــۆی دڵ دەروون ڕێشان
شۆن هەی نەی سەروەخت،سازان پەی دەلیل — جە هەر ســــــــربەرزێ هەرسی دیدەم میل
بشۆ چۆن یاوای وەی دووی ســـــــــەردەوە — بێ پرسا بناڵ وەی دوو فـــــــــــــەردەوە
باڵاخانەی چــــەم دیوانەکــــــــــــــــەی تۆ — بانەناو وە گڵ ئاســــــــــــــــانەکەی تۆ
تـکەش عاجـــزکەرد خەیـاڵت تێشـــــــــــدا — ئازیز بۆ جارێ پا بنیە پێشدا(مودەریس،١٣٨٩:٥٩٦)

لەخوێندنەوەیەکی عاریفبینانەی قەسیدەکەدا: هێمنییەکی ئارامکەرەوەو قووڵە لەڕادەیەکە بگرە تا ترس و تۆقینە، بەهەمان شێوەی سەدا و ئاوازەی ئارامیی ئایەتی"وخشعت الاصوات للرحمن فلا تسمع الا همسا. طه:108"، کە ئەمانە هەموو ئاماژەن بۆ تێپەڕبوونی بە مەنزڵەکانی "خوف، طمانينه، تبصر، مەعریفە "وەکو ئەوەیە زەمەن بوەستێ

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp225-242

و هەست بە چرکەکانی بکرێت، وەکو ئەوەیە ژیان لە چرکەکان بگوزەرێت لە شاخ و لە بەرزاییدا شۆڕبوونەوە بۆ تەختانی بۆ دۆڵەکان، وێنایەکی هێمن:

١.تەنها کەسێکی وەستایە، کە تەجەللای زاتی خودایە لەوشوێنە کاردەکات.

٢.دڵی شاعیر ئامادەباشی هەیە و دەکوڵێت.

٣.شنەی نەسیم بە خەرمانەی کارمایی دەوری هەرشتێك دادەنێن.

٤.جوانترین دیمەن لە ناوچەکی شاخاوی, کە خەڵکی لێیە یان نا، بەڵام ئەو هەست بە کەس ناکات. ناو خانویەك, کە لە دەرەوە دەڕوانێت. جوانترین بەمرۆڤ کردن شنەی نەسیم.

دەرەوە شوشەبەندە وەك/ ئاوێنە / ڕێگا سەهۆڵ/ کشوماتی "سکون".

**١. کارمای زیندو و هێزی عیرفانی:** کاتێ بەناو سەدای ئەو ئیلهام و وێنای ئەو شیعرە دەکەوێتە دڵێکی بیناو هزرێکی گەشەوە، بێ گومان قەسیدەیەکی نەك ئاسایی نییە, بەڵکو تەواو وێنایەکی تەلیسماوی ڕۆحی تەجەللای خودایی لێوە دەبینرێت، کە لە سەردەمی ئێستادا بە جوانی و تەکنیك و وێنایەکی وێنەکێشراو بەدیدێت. کە نەك هەر شان لەشانی بیری گەورەترین بەرهەمە بەدیهاتووەکانی فلیمە سینەماییەکانی "هولیود"و جیهاندا , بەڵکو لەوەیە کێبڕکێشیان لەگەڵ دا بکات، لەدیمەنی ئیستاتیکی و عیرفانی و ئەو کارما پۆزەتیفییەی، کە دەیدات، کارمایەکی ئارام، بەڵام ترسێکی دڵڕفێن، کە هزروسۆز ڕادەکێشێت لەدیمەن و تەلیسمە پڕشنگدارەکانی تێرنابین، وێنایەکی ئەفسونی لە ڕێگەی بستێکی ناسکی سروشتی گوندنشین، کە نەك هەرهۆکارە سروشتییەکەی سروشت، بەڵکو لەجەرگەی شاخێك و باڵەخانە یا خانویەکی چیایی: " لە دڵۆپەکردنەوە دەست پێ دەکات و هەر بەباسی دڵۆپەوە کۆتایی دێت. دواتر وەکو شاعیرانی بەرزی خۆمان و دەوروبەر بەدەسپێکی عەشقێکی مەجازی دەست پێ دەکات. بەجۆرێك شاعیر جوانی ناسە کە جوانی لە قوڕدا دەبینێت، بۆیە دەڵێت: ( قوڕاوێك بەگیانی خۆم بگۆڕمەوە هێشتا کەمە). کەواتە لێرە قوڕاو قوڕاوێکی ئاسایی نییە، ڕاستە وەها دەردەکەوێت، بەڵام ڕاستەقینەییە. چونکە ئەو قوڕاوە سەرچاوەکەی ئاوی بارانە ئاوی بارانیش گوزەری بە ئاسماندا کردووە، کە شوێنی تەجەللای خودایە، "هاتنی خودا بۆ ئاسمانی زەوی پێش نوێژی بەیانی "لە ئایینماندا هەیە، هەروەك فەرمودەی پێغەمبەر "د.خ." دا هاتووە:" ينزل ربنا تبارك وتعالى الى سماء الدنيا حين يبقى ثلث الليل الاخير: ثابت في الصحيحين." کەواتە ئەو بارانە پیرۆزە و لە ئاسمان بە پلە یەك و لە خانەکانی هەورامان و تەکیەی پڕ پەرستنی بێ گەرد و زانست گەیاندنی گەورە عاشقانی خوداو بن میچی شوێنەکەو بەرزایی سەرخۆی بە پلەی دو و سێ و چوار دادەکەنەوە، کە بنمیچەکەش هەر موبارەکیەتی هەیە، چونکە دایمە لە ژێریدا خودا پەرستی دەکات، هەروەکو "شوێنی سورەتی کەهف، کە دەخوێنرێت ڕۆناکی پەیدادەبێت و دەگاتە کەشکەشانی ئاسمان. " ئەمە چ جای ناوچەکە، خانەقا، شێخایەتی، خەون و کەرامات و بەسەرهاتی خەونی " بابەتی "مناڵە نەخۆشەکە"ی شێخ عومەری محمد عوسمانی سیراجەدین، کە خەونی بە" پێغەمبەر "د.خ. "ی بینیبو و لە لێکدانەوەیدا هەوڵی ژیاندنەوەی زانست و شەریعەت لە خاکی بیارەی لێ کەوتووەتەوە. بێگومان ئەو هەموو لێکەوتە مەزنانە ئەو ناوچە پڕبەرەکەت و کەرامات دەکەن، هەروەك لەفەرمودەکانی پێغەمبەر "د.خ." دا هاتووە: "ان لله ملائكة سياحين يلتمسون مجالس الذكر". و"لا يعقد قوم يذكرون الله الا حفتهم الملائكة، وغشيتهم الرحمة،وذكرهم الله فيمن عنده."/رواه مسلم.": فریشتە لەدەوری هەڵقەی خواپەرستی کۆمەڵانێك کۆدەبنەوە، کەواتە ئەو قوڕاوەی، کە لەلای خۆشەویستەوە دێت قوڕاوێکی ئاسایی نییە، شاعیر بۆیە لە بوونی دڵۆپە زویر نییە دەیکاتە بیانو. وەك لە سەرەتادا هاتووە (مەولەوی جارێکیان لە خانەقای تەوێڵە میوان بووە لە باڵەخانەکەی سەرچەمەکە دابەزیوە، کە دیوەخانی "شێخی بەهائەددین " رحمه الله عليه بووە، کات زستان و دنیا تەڕوتوش بووە و ژورەکەی مەولەوی دڵۆپەکەی کردووە . مەولەویش بەم چەند دێرە شیعرە داوای لە شێخ کردووە، کە بانگوشێك بنێرێ بانی ژورەکە بگێرێت) (مودەریس،١٣٨٩: ٥٦٤) ئەمە وەکو ئەوەی بۆ شێخی ناردبێت، لەمەدا جوانی شوێن و کاریگەریی کەش و سروشت و ناوەندی سوکنا و ئیلهامی دانانی سەرەتایی قەسیدەکە، ئەمە سەبارەت بە دێری یەکەم. "ئینجا ئایا شێخ، شێخە یان مەبەستی یەزدانە."

لەدێری دووەمیشدا کاتێ مەولەوی دەڵێت: (یا شێخ قوڕاوێك، کە بە هۆی مەیلی لەیلێوە بپرژێ لە گیانی دڵدار، ئەوەندە بە نرخە ئەگەر سەربەسەر بیگۆڕیتەوە بە گیانی خۆی هێشتا بە هەرزان دەستی کەوتووە، کەواتە من لە دڵۆپەکردنی ژورەکەم زویرنیم و هەرکردومە بە بیانو بۆ ناردنی ئەم چەند شیعرە.) (مودەریس: ٥٦٤) وەکو باسەکەمان ڕونکردەوە، بەمەش مەولەوی کارمای پۆزەتیف وەردەگرێت و دەردەخات و دەیبەخشێتەوە هەتا خوێنەر هەر لە جوانی سروشتەوە بگرە هەتا دەگاتە وێناکردنی ڕۆحانییەتی خۆی بۆ تەنە بێ گیانەکان، وەك دەزانین لە یاسای کارماشدا بێ گیانیش وزە دەدەن. بەتایبەت کارمای خێرمەندی" خوداش سەرچاوەی یەکەمینی هێزو شایانی پەرستشە هەتاوەکو لای بێگیانەکانیش هەروەکو لە " ويسبح الرعد بحمده والملئكة من خيفته. الرعد:13" و هەروەها "تسبح له السماوات السبع والارض ومن فيهن وإن من شيء إلا يسبح بحمده ولكن لا تفقهون تسبيحهم. الإسراء:44 " دا هاتووە، کە هەرچی بوونی هەیە ئەوا ستایشی خودا دەکات, بەڵام ئێوە پەی پێ نابەن، جگە لە بوونی بیری ئیکۆفیمینیزمیەت و خۆشویستن و ڕێزی سروشت هەتا قوڕاویش چونکە بەشێکە لە زەوی دایك ". لەدێری سێیەم دا: (ئێستا کاتی جۆش سەندنی کورەی خۆشەویستییە، کە دڵ لە ئینسان ئەستێنێ و ئەو کەف و کوڵە بەهەوای شیعری باسی زستان کردو دائەمرێتەوە.) ( مودەریس،١٣٨٩: ٥٦٧) کەواتە دژیەکێکی کت و متی دەرخستووە، جۆش /زستان، بای ساردی زستان / کورە) دیسان سروشت تێکەڵی باسەکە دەبێتەوە و جێدەستی دەبێت، چونکە زستان و سارديەکەی هۆکارن بۆ مان. هۆکارن بۆ ساردبوونەوە نەك هەرئەوە بەڵکو دەواشن/ چارەسەرسازن. "دەوا" خۆی یەك لە مەنزڵەکانی عیرفانییەتە، کارما لە ئیکۆفێمنیزمیەتیەکی ئیستاتیکی چارەسەرساز وەردەگرێت. دژیەکەکان جوانییان بە دەربڕینەکە داوە، کەواتە جوانی بەسەر جوانییەوە زیادکردووە:

لە قوڕاوەوە باسی گیان دەکات، کە خۆی مرۆڤیش هەر لە قوڕ دروستکراوە, بەڵام تایبەت" کە خۆی ئەو قوڕکارییەش قۆناغی هەبووە لە خۆڵەوە "تراب" بۆ قوڕێکی یەککگرتوی پتەو"طين لازب"، دوای تێکەڵی لەگەڵ ئاو، ئینجا قوڕێکی گۆڕاو"حما مسنون" واتا قوڕێکی ڕەش،کە بۆن و ڕەنگی بە پێی کات گۆڕابێت بەرەو" خلق الانسان من صلصال كالفخار. الرحمن:14" قوڕێکی وشکهەڵاتوو، "واتا ئەو خۆڵە وشکە بێهێزەی کە لێدانی بەرکەوێت دەنگی لێوەدێت. لێرە بەرجەستە دەبێت، دەڵێت: دڵم، بەڵام دڵم لێ دەستێنێت. کورەی جۆش سەندوی خۆشەویستی دڵی لێ دەستێنێت، بەڵام دەوای چارەسەرییەکەی هەوای ساردی زستانە. تا ئێرە گیان و دڵ ئامادە بووە، لە گۆڕینەوە بە قوڕاوەکە و لە دامرکاندنەوەی دڵ بە با ساردەکە واتا کشوماتی و دیتنی قوڕاو بۆ بینینی بای سارد: هێمن هێمن بە ناو باسەکەدا قوڵدەبێتەوە. ئامادەباشی دەکرێ، کە ئەوان شنەیان هەیەو پیرۆزن، "بای سارد زۆر جار وەکو سەرچاوەی کاری نێگەتیفی بەکاردێت. هەر خۆی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە "ريح صرصر" بای ساردی وێرانکەر بەڵام ئەمەی باسی دەکات نەسیمە کەواتە خێرمەندییە

هەروەکو "وأرسلنا الرياح لواقح.الحجر:٢٢" ئینجا دەکەوێتە باسی جوانترین تەجەللای خودا. سکونیەکی بێ ڕادە ئارامبەخش دەبەخشێ، کە لەو تەجەللایە دەوەشێتەوە. لە دێری چوارەمدا: لە ناو قوولایی ئەو هێمنی و تەجەللایە ئارامەوە لەلایەك لە بێ دەنگی سوتانی دڵی مەولەوی لە ناخی خۆیەوە بەرەو سەرتر بمێچ و لەوێش بۆ پەنجەرەکان بۆ نەسیم و لەوێشەوە بۆ بینینی تەجەللایەکی تری خودا بۆ دەرەوە دورتر: شاخ و دواتر دەشت و چەمەکان). کاتێ دەڵێت: ( وەستای شوشە تێخەری پەنجەرەی شاخەکان دەستی کرد بە دامەزراندن بەسەر چەمەکانیشا، مەبەستی ئەوەیە ئەوخودایەی، کە چۆڕاوگەی ئاوی سەرشاخ و ئەشکەوتەکانی کرد بە سەهۆڵ چەمەکانیشی مەیاند.) (مودەریس،١٣٨٩: ٥٦٧ ). لە جوانی ناخەوە بۆ جوانی بوون بۆ خودا بۆ نیشاندانی تەجەللای دەسترەنگینی و وەستایەتی ئیستاتیکی لە جوانترکردنی وەرزو سروشتەکە. وێنای بوونی سەهۆڵ و مەزنی بەستنی بەفرو درەوشانەوەی بۆ مەیاندنی ئاوی چەمەکان و بەستنی و بە ئاوێنەکردنی و پرشنگدانەوەی. دامەزراندن جوانترین دەربڕینی ئەو بەیتانەیە چونکە ئەو سەنعەتکارییەی، کە لەو بەستن و شێوازەیەوە دەرکەوتووە تەجەللای خودایە لە شاخ تاچەم و کردنی ئەویش بە ئاوێنە، دەمانباتە شیعرەکەی "پیرەمێرد" کە دەڵێت:

(هەموو پێچەکلووی بەفرێك فریشتەی خوای لەگەڵدایە
فریشتە کەوتە ناومان بۆیە وا ئاشوب وهەڵلایە)(پیرەمێرد:٢٠١٦)

هەرچەندە لە نیوە دێری یەکەم دا ئاماژەیە بۆ فریشتەی خوا "میکائیل " "س.خ."کە بەرپرسە لە باران و بەفرو کرێوە و ئەوەی پەیوەستە بەو بابەتانەوە، بەڵام مەولەوی دورتر دەڕوات بەرزتر موبارەکتر لەبن نەهاتوو: بەرەو خودا بەرەو تەجەللای خودا، کە لەو کەشەدا هاتووە. وەکو وەستا وردەکاری جوانییەکانی بەفر و بەستن و دیمەنەکانی کردووە، هەرچەندە وەکو پیرەمێردیش دەڵێت: خۆی هەر خودا یەکەمینە لەو مەسەلەیە، چونکە فریشتەکانیش بێ ئەمری خودا کارناکەن ( ويسبح الرعد بحمده والملائكة من خيفته.الرعد:13" وەکو باسمانکرد و "وقضى بينهم بالحق وقيل الحمدلله رب العلمين.الزمر:75 "هەندێکیان تەنها لە کاتی خودا پەرستی لەژێر عەرشن تا دەمرن، لە ژێرکەعبەی پیرۆزە ئاڕاستەی سەرویان تا "بيت المعمور" هەمیشە لە ژێر فەرمایشتی کاملی ئەودان. چونکە لەلایەك: یەك لایەنە خێرمەندن و نورن و ئەوەندە ناسکن بەرگەی هیچ شەڕوئاشوب و ناحەزی و هەتا بەرگەی وێنەی ناشیرین و ئاژەڵانیش ناگرن کە شەرانگێزی خۆی تێکردبن. بۆیە خێرمەندی هەمیشە ئەو جۆرە کارمایە دەدات وردتر تەجەللای خودا وەکو وەستاو کاری شوشەبەندی بەفرینی شاخەکان لەو بەرزاییەدا، سپی، کە هەر نیشانەی پاکێتی و خێرمەندییە، نورانییەتی تەجەللاییەکەش پرشنگ و درەوشانەوەی چ هزرێك سەرسام ناکات؟ دیسانەوە وێنەیەکە ئارامترو و لەهەمان کاتدا جۆرێکی تری لە هێزبەخشین و دڵ بەرزییەوە دەرخستووە، کە کەم لە شیعری تردا ئەمە دەبینرێت. ئینجا لەو دامەزراوە رۆحی و تەلیسماوییە بەرەو ناو جەرگەی ناوچەو دیمەنەکە، کە لە دێری پێنجەم دا دەڵێت: (بەفر ڕێگاکانی هەموو داپۆشیوە، دڵ ئەگەر تاقە ڕێگایەکی بێ بۆ لای یار بریتیە لە دوکەڵی هەناسەی، کە هەڵی ئەکێشێ لە تاو دوری ئەو.) (مودەریس، ١٣٨٩: ٥٦٧) سیمای بەفر هەموو ڕێگاکانی داپۆشیوە و تەنها تاکە سەرچاوە هەناسە ماوە، ئەگەر دیسانەوە یار مەبەست خودا بێت. کەواتە دودی هەناسەی لە دڵ و سینەوەی دەچێتە عالەمێکی دور، کە یار لەوێ بێت، وەکو لە شیعری "نالی" داهاتووە،کاتێك دەڵێت:

"تاسونبولی زوڵفت لە نیهادی قەدت ئاڵا
من دوودی هەناسەم گەییە عالەمی باڵا"

لێرە ئەو پرسیارەش دێتەپێش ئایا دیسانەوە مەیلی لەیل باس دەکات و دەردەچێت بۆ عیشقی مەجازی؟ لە بێهێزیەکەیدا، کە مرۆڤە و چیتر بەرگەی ئەو تەجەللاییە ناگرێ؟ وەکو پێغەمبەر "موسا "س.خ." کاتێ تەجەللاکردنی خودای گەورەی بۆ کێوی توور بینی بوورایەوە ؟یان بوونی تەجەللاکە ئەو بەشەیەتی و پیرۆزی دەکات و جوانییە تەلیسماوییەکەی نواندووە.

**٢.چەسپانی عاریفانەی دڵی شاعیر:**

لەدێری شەشەم دا: لێرەوە مەولەوی ئەکەوێتە قسە لەگەڵ خۆی و ئەڵێت: ( نەکەی دڵ بنێری، چونکە دڵ هاتوچۆی بۆ نییە، ئەی نەسیم بۆ کوێ چووە، ئەو بانگ کە بینێرە.)( مودەریس،١٣٨٩ :٥٦٧ ) دڵ چەسپاوە "ئارامە "جۆشدەدات، ناتوانێت دەرچێت. بەتایبەت لەکاتی خواپەرستیدا دڵ گردەسێنێ و جێگیرتر دەبێت. بۆیە بە نەسیم دەڵێت تۆ ئەو کارە بکە. ئاماژەیەکی ڕونە بۆ مەنزڵەکانی"حب ،عشق ،سكر ،صحوا،ايصال، دواء، اراده،وجد ".

لە دێری حەوتەم دا: نەسیم بانگ دەکاتەوە و پێی دەڵێت: (نەسیم ئەگەر پەنجەی پێت سەرمای بووە بیخەرە ناو دڵی دەرون بریندارانەوە با گەرمی بێتەوە. مەولەوی لێرەدا وردەکارییەکی جوانی کردووە، کە نەسیمی شوبهاندووە بە مرۆڤ، کە بەسەر بەفرا بڕوا پێی سەرمای ئەبێ، نەسیمیش، کە بە سەر بەفرا بوەزێ دیوی سەر بەفرەکەی هەوای ساردی بەفرەکە وەرئەگرێت.)( مودەریس،١٣٨٩: ٥٦٧) جوانی ئەو نمونەیە لە قەسیدەی نازك تەدارەك هەیە "گوڵ چون روی ئازیزنەزاکە پۆشان". و هەروەهاش لە لاواندنەوەی بۆ خاتو عەمبەری خێزانی "چون مانگ شێوەی توی پێوەن"کەواتە ئەو شێوە تایبەتیەی مەولەوی لە بابەتی ڕەوانبێژی لێکچواندن، تایبەتەو وەکو من پێی بزانم ئەو شێوەی لێکچواندنە لە شیعری کوردیدا کەم وێنەیە. دوای ئەوە: دواندنەکەش وێنەکەش هەردوکیان قەسیدەکە لە تەنزو سەدای عیرفانی و کارمای ئیستاتیکی ناوەستێنن وێنایەکی تەواوکەری جوانییەکانە، کە هەمیشە سپێتی هەڵم و بە پەڵە هەور بوون لەو ساتە سەرما تایبەتیانەو پلانەدا جوانی نەسیم بەسەر بەفرەکە دەردەکەوێت و ڕێ دەکەوێت و وەکو هەورو هەڵم دەڕوات بەسەر سەهۆڵەکەدا، کەواتە ئەو پەیامبەرەو بە مرۆڤ چوێنراوە, کەواتە دیسانەوە لە تەجەللای خوداییدا هەموو هەستیارن. هەموو وێناوجوڵەکان کارما دەبەخشن. هێزو رۆحیان هەیە.

لە دێری هەشتەمدا: وێناعیرفانییە ئیستاتیکیەکە تا ئێرە وتمان لە تەجەللای خوداو سروشت و لێرە سروشت و فرمێسك تێکەڵ دەبن تێکەڵیەکی تەواوکەر وکاتێك شاعیر دەڵێت: ( ئەگەر لەوە ئەترسی ڕێگات لێ ون بێ، مەترسە، چونکە ڕێگاکە نیشانەی هەیە. لەم زستانەدا فرمێسکی چاوەکانم لە هەموو بەرزاییەکا نیشانەیەکی داناوە بۆ ڕێ بەدیی کردن.) (مودەریس،٥٩٤:١٣٨٩) لەهەمان کاتدا (ئەکرێ بەو شێوەیەش مانای لێکبدرێتەوە:

**ا.** (کزەی نەسیم داویە لە فرمێسکەکانی چاوم و بوون بە سەهۆڵ و چلورە و وەك میل داچەقیون، ئیتر ڕێبوار ڕێ گوم ناکات."). (مودەریس،١٣٨٩ :٥٩٤) دیمەنێکی جوانی کۆد و هێمای ژیان نیشان دەدات، بۆ ناسینەوەی ڕێگا.

**ب.** بەرکەوتنی نەسیمی سارد، بەرکەوتنی تەجەللای خودایی, کە لە سەروی ئەو شوێنە هەبووە بۆ پەنجەرە و شوشەبەندەکان. دیسانەوە ئەو وێنە ئەفسونیە خەیاڵ ئامێزە تەجەللاکە بەواقعیەتی دەکات. دارنیشانەکە مانای ژیانە، تا ئێستا مانای بوونی مرۆڤەك بوونی ژیانە لەوشوێنەدا، پارێزراوین با کەسی تر نزیك شوێنەکە نەکەوێ "مەسکون"ییەت دەردەخات. هەروەکو لە ئایەتی:" ليس عليكم جناح ان تدخلوا بيوتا غير مسكونة.النور/٢٩"، یان ڕێبوار ڕێ گوم ناکات، ڕێبوار کێ یە؟ ئەو پرسیارە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp225-242

دێتە پێش،چونکە عارف لە ڕێگادایە، ئایا ئەوە ڕاستە داردەستی تەلیسماوی هەمیشە مانای هێز و کەسێك هێزێکی لێ بەرزبێتەوە دەشێت واتای ئەوەش کە ئەو ناوچەیە بروسکەی تەجەللایی لێی دەدات و دەبریسکێتەوە و هێزدەبەخشێت.کارمای پۆزەتیف دەبەخشێت. نمونەی عەسای موسا "س.خ." بەمەش جوانترین وێنای ئیستاتیکاو خەیاڵ و تەجەللا بەیەکەوە کۆدەبێتەوە ئەو دارە جیاوازە, چونکە چەسپاوە، ئەگەرچی بەوەرزیش دابنرێت لەڕوی تەمەن و زەمەنەوە.

## ٣.ئاوێتەبوونی سروشت و مرۆڤ لە پلەیەکی باڵای عیرفانیەتدا:

لە دێڕی دەیەم ویازدەهەمدا: (باڵەخانەی سەرچەم، کە دیوەخانی تۆیە بانەکەی بە خاکی بەر دەرگەتان سواغ دراوە، کەوتووەتە دڵۆپەکردن و بەهۆی ئەوەوە ناتوانین لەسەر ئوسوڵی تەریقەتی نەقشبەندی خەیاڵ لە تۆ بکەینەوە تیایا و "ڕابیتە"ت بکەین، جارێك تەشریف بێنەو پێیەکی پیابنێ با دڵۆپە نەکا و بتوانین خەریکی بیرکردنەوەکەمان بین. ئەمە مەعنا دیارەکەیەتی، بەڵام مەولەوی مانایەکی لەوە وردتریشی مەبەست بووە، کە ئەوەتە: باڵەخانەی چاوی دڵدارەکەت، کە دڵی دیوەخانی خۆتە و هەمیشە تۆی تیایت و بانەکەی بە خاکی بەر دەرگاکەت سواخ دراوە –مەبەستی لەوەیە گوایا هەموو جارێ پێی ئەنایە سەر چاوی تك تك فرمێسکی لێ ئەڕژێ، لەبەرئەوە وێنەت لە ناو چاوما عاجزبووە, چونکە کە چاو ئاو بکا وێنەی هیچ بە سافی وەرناگرێ سا ئازیز پێ ناسکەکانت بنێ بە سەر چاوەکانما با دامرکێن و فرمێسك نەڕێژن.)( مودەڕیس، ١٣٨٩: ٥٩٤-٥٩٥) لە هەندێ نوسخەدا شیعری یەکەم لەم دو دێڕە شیعرە بەمجۆرەیە:

باڵەخانەی چەم دڵ دێوانەکەت

بانەناو وەخاك سەر ئاسانەکەت

(واتا باڵەخانەی سەرچەم کە هی دۆستە دڵ بۆ شێت بووەکەتە، وە بە پێی مەعنای دووەم باڵەخانەی چاوی ئەو دۆستە، کە دڵی شێت بووە بۆت ...تاد ) (مودەڕیس،١٣٨٩: ٥٩٥) دەشتوانین بڵێین، کە خودا تەجەللای کردووە ئەو خاکە وکانیاوی دەبێتە سەرچاوەی خاکێکی پڕ نوری ئیلاهی، ئێستا ئێمە سواغمان پێ داوە. لە کاتی دڵۆپەدا، چونکە پێشتر دەڵێت: خودا وەکو وەستای پەنجەرە و ئاو لە چەقی ئەو ناوچەیە تەجەللای کرد بۆیە بەو تەجەللاکردنەش بۆ دڵۆپەکە دەگرێت، بۆیە دەڵێت: پێی پیابنێ. ئەمەش دوو لێکدانەوە لەخۆ دەگرێت:

١.واتا بۆ چاوەکانتەو نورو تەشەهودی هەیە خودای پێدەبینێ.


٢. دەشکرێ بۆ دارمان بێت و شەهید بێت و ڕۆحی بگاتەوە خودا.

٣. یا تەواو وەکو دەروازەی پەیوەندی بە ئاسمانەوە هەبێت. هەروەکو مەنزڵەکانی"مکاشفة، توحید"ی لێوە دەدۆزرێتەوە، کە شاعیر تێپەڕبووە لێیانەوە. ئەگەر بە لێکدانەوەی دووەم بێت، داوای تەجەللای خودا دەکات، بۆ شیفای چاوی. واتاکەی قوڵترە لەوەی تەنها بێتە ماڵەکەی سەرباڵەخانەکە. بۆیە هەموو جارێك پێنراوە بە چاوی دەیەوێت پێی ڕەحمەتی بە چاوی دابنێ، تا دیسانەوە ئەویش لە پێناو دیاری مەبەستە بۆکراوەکەی، کە بۆ ئەوەی وێنەکە بەجوانی ببینێتەوە. کەواتە لە کۆتاییدا دەمانگەیەنێتەوە سەرەتاوە ئەو دیمەنە هەمووی لە خەیاڵی و لە چاوی کەسەکە وێنەکە ڕۆحانیە ڕاستە شوێنەکە بیارەی هەورامانەو وەرزەکە زستانە، دڵۆپە، هەر شتێ داردەست, بەڵام هەمووی و تەجەللاکە دەتوانین لە چاویدا بخوێنینەوە. واتا بەسارەت وبەسیرەت بینی، کەواتە ("دڵۆپە، خانو،داردەست،فرمێسك،لێڵ بوون، ") لەلایەکی تر ئەوەمان بیرنەچێت وێنەیەکی زەمهەریری لێ دەبینرێتەوە، کە مرۆڤ ناتوانێت خۆی تیادا بگرێت و دەیبەستێت، بەڵام لێرەدا خێرمەندییە. جۆشدانی دڵی پاکی بەرەو خێرمەندییەکەی بردووە. دوای هەموو ئەمانە لەو داواکردنەی پێ لێنان لە چاوی دەمانباتەوە سەر ئایەتی"یوم یکشف عن ساق. القلم /٤٢" و ( نورێکی گەورە دەردەکەوێت.) ( تفسیر ابن کثیر ) هەراو گرتینی ڕۆژی قیامەت، کە خەڵك سوجدەدەبەن. تەنها ئەوانەی، کە باڵایان ڕەق دەبێت و ناتوانن بچەمێنەوە سوجدەبەرن. بۆیە دەکرێ بڵێن لەو کات و ساتەدا مەولەوی دەیەوێت سوجدە بە پێڵوی چاوی ببات، کە زۆر پێی گریاوە لە ترس و پەرستن و خۆشەویستی خوادا. سەرتاپای واتای هۆنراوەکە، لەو هێڵکارییەدا دەردەخەین:




دوای ئەم ڕونکردنەوانە مەولەوی وەکو شاعیرێکی عارف دەسەلمێت، کە پەنجەمۆری ئەدەبی عیرفانی تایبەتی خۆی پاراستووە، کە لەم هێڵکارییەی پەنجەمۆری عاریفانەی دەردەکەوێت:

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp225-242




**ئەنجام**

١.عیرفان: وەکو بەرنامەیەکی ڕۆحانییە و پەیڕەو و پرۆگرامی تایبەت بە خۆی هەیە لە مەودای ڕۆحانییەتی ئەو کەسە جێبەجێدەکرێ، کە بە سالك دەناسرێ لە ڕۆیشتنی بەرەو خودا، دەبێتە عارف بەزانینی هەندێك لەو نهێنییانەی پێی دەبەخشرێت و سەرجەم کلیلی کۆدەکانی مەنزیلەکانی لادەبێت.کەواتە پرۆسەکە لەلایەن عارف و چوونی بەرەو خودا جێبەجێ دەبێت، ئەمەش هەندێجار ئەو کەسە بڕیاری ئەو کاروانییەتییەی دەدات و پێشڕەو /"مورشید" سەرپەرشتی دەبێت، هەندێجاریش دەشێت کەسێك وەکو بەهرەیەك خۆی لەگەڵ خودا پەیمانی عیشقی هەبێت. دەرکەوتن و زانینی ئەمەش بەهەر شێوەیەك بێت لە ڕێگەی ئەمانەوە یە :"کەرامات، ڕوئیای چاك،کەشف و تەشەهود واتا بینینی نوری خودایی.

٢.لە ڕێکردنی کاروانی بەرەو خوداییدا "سالك "وەکو لە سەرچاوە دایکانەکاندا هاتووە: " دەبێت سەد مەنزیلە ببڕێت، کە "دە"بەشن ئینجا دەبێتە عاریف، سەرجەم ئەو دە بەشە هەریەك دە دەرگای پاکبوونەوە و بەرزبوونەوەی ڕۆحی بۆلای خودای هەیە، تا ئێستای بەدوا داچوونی من تەنها بینیبێتم لەدەوری حەوت هەتا دە مەنزیلە یەك باسکراوە، بەڵام کە قووڵدەبینەوە بەناواخنی ئەو زانستەو بەپێی سەرچاوەی " منازل السائرین" ی "الانصاري الهروي" لە ئەسڵدا سەد دەرگان. تا دەگەنە دوا دەرگای یەکتاییی و "سالك" سلوکی عارفانە وەردەگرێت و بەتەواوەتی دەبێتە عارف.

٣.عارف وەکو ئاماژەمان بۆ کرد، کە مەرج نییە هەر بزانرێت ئەو کەسە عارفە، مەرج نییە مورشیدی هەبێت. لێرەدا بوونی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و ئیقتیداکردن بە فەرمودەی پێغەمبەر"د.خ." ڕۆڵدەبینن. بەڵام کەسێکی خێرمەندو خاوەن کارمای پۆزەتیف دەبێت. لەهەموو بارێکدا بە سەرچاوەی یەکەمینی جوانی، کە خودایە ئاشنایە و لە جەمالیەت و جەلالیەتی ئەو تێگەیشتووە بەڕای زاناکان بە حەزرەتەکانی ئیلاهی گەیشتووە، تا دەگاتە پلەی ویلایەت و تەشەهود و کەشف یا ڕۆئیای چاکەی بۆ مەیسەر دەبێت.

٤.دو جۆر عیرفان هەیە "خێرمەندی و شەڕانگێزی " یەکەمیان کارما لە سەرچاوەی یەکەمینی جوانی وەردەگرێت، کە خودای یەکانەیە و دووەمیان کارمای شەڕانگێزی لە هێزی شەڕانگێزی و شەیتان و تاریکی وەردەگرێت یا لە کرۆکی مرۆڤی بەخوداوەندبوو /تألیهیة: ئەو مرۆڤانەی خۆیان بە خودا دەزانن، کە دواتر کێشەی دەرونی و پەشیمانی و نەخۆشی دەماری بۆخۆیان و مرۆڤانی تر دەنێنەوە.

٥. ناواخنی هزری دیوانەکە و کتێبەکەی "عەقیدەی مەرزیە" ی مەولەوی بەبیری شاعیری عارف و لێکدەرەوەکەشی کە مودەڕیسە زیاتر نەك کەمتر، سەرجەم بیری کتێبە دایکانەکانی زانستی عیرفانی و تەسەوف و ئیلاهیاتەکان و ڕۆحانییەکانی سەرتاسەرییەو جیهانبینییەکی جیهانی زانستی عیرفانییەتی تێدادەخوێنرێتەوە. بەمەش شان لە شانی گەورە سەرچاوە باڵا دایکانەییەکان دەدات، لەلایەکی تر بەڵگەی دروستی شارەزاییی و زۆری موتاڵای شاعیرو ڕۆشنگەرییەکەیەتی، کە پێمان دەڵێت لە چ ئاستێکدایە.

٦. ڕۆڵی "مەلا عەبدول کەریمی مودەڕیس" لە لێکدانەوە و ناساندنی ئەو بیرانەی شاعیر، بگرە ئیلهامێك بووە. جگە لەو هێزو ڕۆشنفکرییەتەی، کە لە ئەنجامی هەوڵەکانی بەدەستی هێناوە بەجۆرێك "چونکە باوەڕی یەکتاییە و لەسەر فیترەتە " ناتوانرێ ڕوبەڕوی ڕەخنەو کەم و کووڕی بکرێتەوە، بەڵکو چەپکێکی لە بیری ئەو لە هەر قەسیدەیەك پچڕیوە و لە گوڵدانی نوریی مەعریفەی خۆیدا، بە شەبەنمی باوەڕو کارمای عیرفانییەتی خێرمەندی یەوە لەلایەك، لە هەستی ئیستاتیکی پۆزەتیفی ئیلاهی دڵی خۆیەوە بە دانە مرواری مەنزیلەکان چەپکی کردووە و پێشکەشی خوێنەری کردووە.

**سەرچاوە:**


قورئانی پیرۆز.

حەبیبی، هادی، (٢٠٢٤)، غەزەلی وەفایی و چوار ڕەگەزی مەعریفەتی، گۆڤاری ڕامان.ژ(322).

مدرس، عبدالکریم "مەلا عەبدول کەریمی مودەڕیس"(١٣٨٩)، دیوانی مەولەوی، انتشارات کردستان.

مەولەوی،(١٩٨٨)، عەقیدەی مەرزیە، مەلا عبدالکریمی مودەڕیس / لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی، پێداچوونەوەی/ فاتیح عەبدول کەریم.

ئیبراهیمی، محمد صالحی،(٢٠٠٠)، میرەجانی مەولەوی، سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە / زنجیرەی (٣٤) ی وەزارەتی ڕۆشنبیری، کوردستان.

ابن عربي، ابی بكر محی الدين بن محمد بن علی بن محمد بن احمد بن عبدالله الحاتمی، (٢٠١١)، الفتوحات المكية، ضبطه وصححه و وضع فهارسه احمد شمس الدين، الجزء الثانی، دارالكتب العلميه، بيروت، لبنان.

ابن عربي، ابى بكر محى الدين، (١٩٦٩)، الكتاب التذكارى، دار الكتاب العربى للطباعه والنشر، القاهرة.

ابن منظور، (١٩٨٤)، فهارس لسان العرب، اعداد عبدالله على كبير، دار المعرف القاهرة.

امال، ضياف،(٢٠١٧)، الاسس الفلسفي للدين عند وليام جيمس،رسالة ماجستير، جامعه محمد بوضياف –المسيله/كليه علوم الانسانية والاجتماعية /قسم الفلسفه، جزائر.

الجيلي،عبد الكريم، (٢٠١٩)، الشرح الشامل لكتاب الانسان الكامل فى معرفه الاواخر والاوائل /مع رساله كشف وبيان عن الاسرار الاديان فى كتاب الانسان الكامل و كمال الانسان للشيخ محمد عبد.

الحكيم، سعاد،د.، (١٩٨١)، المعجم الصوفى الحكه فى حدود الكلمه، بيروت

خميني، امام،(١٣٧٢)، مصباح الهدايه من الخلافه والولايه، مقدمه : استاذ السيد جلال الدين اشتيانى، مؤسسه تنظيم و نشراثار امام خمينى چاپ اول، زمستان .

الدمشقي، (١٩٩٩)، اسماعيل بن عمر بن كثير القرشى الدمشقى، تفسير القران العظيم، تحقيق : سامى بن محمد السلامه، دارطيبة.

الريشهيري،(٢٠٢١)، محمد،كيمياء المحبه، مؤسسه البلاغ المبين، المكتبة الشاملة.

الهروي، عبدالله الانصاري،(١٩٨٨)، منازل السائرين، دارالكتب العلميه، بيروت، لبنان.

السهروردي،(٢٠٠٠)، عوارف المعارف، تحقيق: الامام الدكتور عبدالحليم محمود و الدكتورو محمد بن الشريف، دار المعارف، القاهره، ج.م.ع.

العفيفى، ابوعلاء،(٢٠٢٣)، فصوص الحكم والتعليقات عليه، ابن عربى، ابى بكر محى الدين، دار الكتاب العربى، بيروت، لبنان.

الغزالي،الامام،(٢٠٠٩) ، مشكاه الانوار ومصفاه الاسرار، شرح دراسه تحقيق /الشيخ عبدالعزيزعزالدين السيروان، عالم الكتب بيروت، الطبعه الاولى.

فيروز ابادي، العلامه مجدالدين محمد بن يعقوب الفيروز ابادي الشيرازي، قاموس المحيط، جزء/٣، المطبعه الاميرية، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

م.روزنتال، ب. يودين، الموسوعة الفلسفية / مجموعة من العلماء والاكاديميين السوفياتين، ترجمة سمير كرم، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت.

مبادىء علم العرفان،(٢٠١٤)،مركز نون للتاليف والترجمة، جمعية المعارف الاسلامية الثقافية، الطبعه الاولى.

المطهرى، ا.،(٢٠١١)، مرتضى، الفلسفه، ترجمة /حسن على الهاشمي، ط/٢،دار الولاءللطباعه والنشر، بيروت، لبنان.

ناصر، (٢٠١٨)، فادى،د.، فلسفة العرفان النظري / دراسه تحليله فى اصول العلم ومنهجه المعرفى، الطبعة الاولى، دار الولاء للطباعة والنشر، بيروت، لبنان.

نور الدين، السيد عباس، (٢٠١٤)، الله فى العرفان / المنهج العرفانى و دوره فى معرفة الله، مركز باء للدراسات، مكتبة مؤمن قريش، ط/١، بيت الكاتب للطباعه والنشر، بيروت.

وژينبوكس.٢٠١٦-٢٠٢٤، ديوانى پيرەمێرد، نيگا و سروشت و جوانى،.books.vejin.net

https://fac.umc.edu.dz/fll/images/cours_arabe_

احمد عمارة،(٢٠٢٠) مفهوم الكارما و علاقته بالدين الاسلامى https://www.youtube.com/watch?v=jXQSHFrJaQ8&t=5s

احمد عمارة، ٢٠١٩ . الطاقه العلاجية.

المعانى/العرفان.https://www.almaany.com/

مصطفى محمود،(٢٠٢٤) النفس والروح و الجسد/الجسم الاثيري.

https://www.youtube.com/watch?v=Ehf3hxx2IQo

شفيق الجرادي،(٢٠١٩)، الدرس الاول من سلسله اخلاقيات السير والسوك العرفانى .

https://www.youtube.com/watch?v=Y0R6mvFJ_Ac

شفيق الجرادى،(٢٠١٩)، الدرس الثاني من سلسله اخلاقيات السير والسلوك العرفانى .

منير الجبار(٢٠١١) العرفان هو الطريق الى الله، موقع المنير٢٠١١/٨/٧، https://almoneer.org/?act=artc&id=922

AbdulMajed, Ala Dara, (2023), Material and Spiritual Structural Summit in Sami Awdal's Poem "My Heart", International Journal of Kurdish Studies, Vol.9/2 ( August 2023 ).